# ڕاگەیاندنی پاراستنە ڕێکارییەکان

ژانویەی 2025





THE TEXAS LEGAL FRAMEWORK

FW.ESCAPPS.NET

TEA
Texas Education Agency

TEA.TEXAS.GOV/TEXASSPED

SPEDTEX
Special Education Information Center

SPEDTEX.ORG

# ناوەڕۆک

ڕاگەیاندنی پاراستنە ڕێکارییەکان 1
مافی باوک و دایکی منداڵانی خاوەن کەمئەندامی 1
پاراستنە ڕێکارییەکان لە پەروەردەی تایبەت 1
بەخێوکەر وەک باوک و دایک 1
باوک و دایکی جێگرەوە 1
دۆزینەوەی منداڵ 2
ئاگاداریی نووسراوی پێشوەخت 2
ڕازامەندیی باوک و دایک 3
ڕێوشوێنەکانی ڕێککاریی منداڵانی خاوەن کەمئەندامی 5
دانانی شوێنی خۆویستانە لە قوتابخانەی ئەهلی لەلایەن باوک و دایکانەوە 10
گواستنەوەی مافەکانی باوک و دایکایەتی 11
زانیاریی پەروەردەی تایبەت 12
چارەسەکردنی ناکۆکییەکان 12
ئاسانکاریی IEPی ویلایەت 12
خزمەتگوزارییەکانی نێوەندگیریکردن 12
پرۆسەی یەکلاکردنەوەی سکاڵای پەروەردەی تایبەت 13
ڕێکارەکانی مامەڵەی دادپەروەرانە 14
زانیاریی پەیوەندیکردن 22
زانیاریی پەیوەندیکردنی یەکلاکردنەوەی ناکۆکی 22

پەیوەندی

www.spedtex.org | 1.855.773.3839

مافی لەبەرگرتنەوە 2025. © دەزگای پەروەردەی تێکساس هەموو مافەکان پارێزراون.

# ئاگادارکردنەوەی پاراستنی ڕێکاریی

# مافی باوک و دایکی منداڵانی خاوەن کەمئەندامی

IDEAله ڕێگای قوتابخانەکەتەوە لە بەڵگەنامەیەکی هاوپێچدا بەردەست دەبێترێبەری باوک و باوکان بۆ پرۆسەی وەرگرتن، پێداچوونەوە، و ڕەتکردنەو (لینک :)(لینک: بڵاوکراوەکان | چوارچێوەی یاسایی escapps.net))

## بەخێوکەر وەک باوک و دایک

بەپێیIDEA ، باوک و دایکی بەخێوکەر دەکرێ وەک باوک و دایک مامەڵە بکەن مەگەر ئەوەی کە یاسا یان ڕێسای ویلایەت ڕێگری لەوە بکات یان مەگەر ئەوەی کە بەرپرسیارێتی ڕێککەوتنامەیی لەگەڵ یەکەیەکی ویلایەت یان خۆجێی ڕێگری لە باوک و دایکی بەخێوکەر بکات کە لەبری باوک و دایک مامەڵە بکات .لە تێکساس، ئەگەر تۆ باوک یان دایکێکی بەخێوکەر بیت بۆ منداڵێکی خاوەن کەمئەندامێتی، تۆ دەتوانی وەک باوک یان دایک کار بکەی ئەگەر ڕازی بیت بە بەشداریکردن لە بڕیارەکانی پەروەردەی تایبەت و ئەگەر تۆ بەرنامەی ڕاهێنانی داواکراو تەواو بکەیت پێش کۆبوونەوەی دواتری لیژنەیARD ، بەڵام نەگاتە ٩٠مین ڕۆژ دوای دەستپێکردنت بە مامەڵە کردن وەک باوک یان دایک بە مەبەستی بڕیاردان بۆ پەروەردەی تایبەتی منداڵەکە .کاتێک تۆ بەرنامەیەکی ڕاهێنانی پەسندکراوت تەواو کرد، تۆ پێویست ناکات دووبارە بەرنامەی ڕاهێنانی ئەنجام بدەیتەوە بۆ مامەڵەکردن وەک باوک و دایک بۆ هەمان منداڵ یان بۆ خزمەتکردن وەک باوک و دایک یان وەک باوک و دایکی جێگرەوە بۆ منداڵی تر .ئەگەر قوتابخانە بڕیار بدات کە تۆ وەک باوک و دایک دەستنیشان ناکات بۆ مەبەستی بڕیاردانی پەروەردەی تایبەت، دەبێت ئاگادارییەکی نووسراوت لەماوەی حەوت ڕۆژی ساڵنامەییدا پێ بدا لە دوای ڕێکەوتی بڕیاردانەکە . ئاگادارییەکە دەبێت هۆکارەکانی دەزگای پەروەردەیی خۆجێی **(LEA)** بۆ بڕیارەکە ڕوون بکاتەوە و پێویستە پێت بڵێت کە تۆ دەکرێ سکاڵای پەروەردەی تایبەت لای TEA پێشکەش بکەیت.

## باوک و دایکی جێگرەوە

ئەگەر، دوای هەوڵی بەجێ، قوتابخانە نەتوانێت تۆ باوک و دایکێک بۆ منداڵەکە دەستنیشان بکات یان بدۆزێتەوە، باوک و دایکی بەخێوکەر نەیەوێت یان نەتوانێت وەک باوک و دایک خزمەت بکات، منداڵەکە لە دایەنگە ناژیت، منداڵەکە لەژێر سەرپەرشتیاری ویلایەتدایە، قوتابخانە دەبێت باوک و دایکێکی جێگرەوە بۆ منداڵەکە دیاری بکات کە لە بری باوک و دایکی منداڵەکە مامەڵە بکەن، مەگەر ئەوەی کە منداڵەکە لەژێر سەرپەرشتیاری ویلایەتدا بێت و دادگا باوک و دایکی جێگرەوەی دیاری کردبێت .قوتابخانە هەروەها پێویستە کە باوک و دایکی جێگرەوە بۆ گەنجی بێکەسی بێلانە دیاری بکات بەو شێوەی کە لە یاسای هاریکاریی بێلانەی مەک کینی ڤێنتۆ باس کراوە .کاتێک دانانی باوک و دایکی جێگرەوە جێبەجێ کرا بۆ ئەو منداڵای بێلانەیە یان لە چاودێری جێگرەوەدایە، قوتابخانە پێویستە ئاگادارییەکی نووسراو لەسەر دانانی بڕیاردەر یان کارمەندی کۆمەڵایەتی پەروەردەیی منداڵەکە دابین بکات.

یاسای پەروەردەی کەسانی خاوەنی کەمئەندامێتی**(IDEA)** ، بەو شێوەی لە ساڵی ٢٠٠٤ هەموار کراوەتەوە، پێویستی دەکات کە قوتابخانەکان ئاگادارینامەیەک بۆ باوک و دایکانی خاوەن کەمئەندامێتی دابین بکەن کە ڕوونکردنەوەی تەواوی لەسەر پاراستنە ڕێکارییە بەردەستەکان تێدابێت بەپێی IDEA و ڕێساکانی جێبەجێکردنی .ئەم بەڵگەنامەیە، لەلایەن دەزگای پەروەردەی تێکساس **(TEA)** ئامادە کراوە، بە مەبەستی هێنانەدی ئەم مەرجی ڕاگەیاندنە و یارمەتیدانی باوک و دایکی منداڵانی خاوەن کەمئەندامێتی بۆ تێگەیشتن لە مافەکانیان بەپێی.IDEA

## پاراستنە ڕێکارییەکان لە پەروەردەی تایبەت

بەپێیIDEA ، زاراوەی *باوک و دایک* بە واتای باوک و دایکی سروشتی، باوک و دایکی هەڵگرەوە، باوک و دایکی بەخێوکەر کە مەرجەکانی ویلایەتیان هەبێت، سەرپەرشتیار، کەسێک کە لە شوێنی باوک و دایکی سروشتی یان باوک و دایکی هەڵگرەوە لەناویاندا باپیر و داپیر، زرباوک و زردایک، یان خزمێکی تر کە منداڵەکە لەگەڵیدا دەژیت، کەسێک کە لەڕووی یاساییەوە بەرپرسیارە لە خۆشگوزەرانیی منداڵەکە، یان باوک و دایکی جێگرەوە دێت.

زاراوەی *زمانی ڕەسەن* کە بۆ کەسێک بەکارهات کە شارەزایی سنوورداری لە ئینگلیزی هەبێت واتە زمانەکە بەشێوەی ئاسایی لەلایەن ئەو کەسەوە بەکار دێت .کاتێک کە بۆ کەسانی نابیست بەکار هات یان ئەوانەی گوێیان گرانە، زمانی ڕەسەن ئەو شێوازەی پەیوەندیکردنە کە بەشێوەی ئاسایی لەلایەن کەسەکەوە بەکار دەهێنرێت.

قوتابخانە پێویستە ئەم *ئاگادارکردنەوەی پاراستنی ڕێکارەکان* تەنها یەک جار لە ساڵی خوێندندا بە تۆ بدات، مەگەر ئەوەی کە قوتابخانە پێویست بکا کۆپییەکی تری ئەم بەڵگەنامەیەت پێ بدات :لەکاتی ڕەوانەکردنی سەرەتایی یان داواکاری تۆ بۆ هەڵسەنگاندن؛ لەکاتی گەیشتنی یەکەم سکاڵای پەروەردەی تایبەت کە پێشکەش بە TEA کرا بێت؛ لەکاتی گەیشتنی یەکەم سکاڵای دانیشتنی مامەڵەی دادپەروەرانە لە ساڵی خوێندندا؛ کاتێک بڕیارێک بۆ ڕێکاری تەمێکاری درا بێت کە گۆڕانکاری لە شوێن دروست بکات؛ یان بەپێی داواکاریی خۆت.

تۆ و قوتابخانەکە لەبارەی بەرنامەی پەروەردەیی منداڵەکەت بڕیار دەدەن لە ڕێگای لیژنەیەکی وەرگرتن، پێداچوونەوە، و ڕەتکردنەوە. **(ARD)** لیژنەی ARDبڕیار دەدات ئایا منداڵەکەت شایستەی پەروەردەی تایبەت و خزمەتگوزارییە پەیوەندیدارەکانە یان نا .لیژنەی ARD بەرنامەی پەروەردەیی بەتاکەکەسیکراوی منداڵەکەت **(IEP)** پەرە پێ دەدات، و پێداچوونەوەی بۆ دەکات، و پوختی دەکات و دیاریکردنی شوێنی پەروەردەیی منداڵەکەت یەکلایی دەکاتەوە .زانیاریی زیاتر لەبارەی ڕۆڵی لیژنەی ARD و

## ئاگاداریی نووسرای پێشوەخت

تۆ مافی ئەوەت هەیە کە زانیاریی نووسراوت لەبارەی ڕێکارەکانی قوتابخانە پەیوەست بە پێویستییەکانی خوێندنی تایبەتی منداڵەتەت پێ بدرێت .قوتابخانە پێویستە ئاگاداریی نووسراوی پێشوەخت لە کاتێکی بەجێدا بەر لەوەی پێشنیاری دەستپێکردن یان گۆڕینی ناساندن، هەڵسەنگاندن ، یان دانانی شوێنی پەروەردەیی بۆ منداڵەکەت یان پەروەردەی گشتی شیاوی بێبەرامبەر بۆ**(FAPE)** کە بۆ منداڵەکەت دابین دەکرێت بکات .هەروەها تۆ مافی ئاگاداریی نووسراوی پێشوەختت هەیە بەر لەوەی قوتابخان دەستپێکردن یان گۆڕینی ناساندن، هەڵسەنگاندن، یان دانانی شوێنی پەروەردەیی بۆ منداڵەکەت یانFAPE ی دابینکراو بۆ منداڵەکەت بدات .قوتابخانەکە پێویستە ئاگاداریی نووسراوی پێشوەخت بە تۆ بدات بەبێ گوێدانە ئەوەی ئایا تۆ بە گۆڕانکارییەکە ڕازیت یان داوات کردووە.

لە تێکساس، قوتابخانە پێویستە ئاگاداریی نووسراوی پێشوەخت بە تۆ بدات بەلایەنی کەمەوە پێنج ڕۆژی دەوام بەر لەوەی ڕێکارەکە پێشنیار بکات یان ڕەتی بکاتەوە مەگەر ئەوەی کە خۆت بە سنووری کاتی کەمتر ڕازی بیت.

قوتابخانە پێویستە لەناو ئاگادارییە نووسراوە پێشوەختەکەدا ئەمانە باس بکات :وەسفی ئەو ڕێکارانەی کە قوتابخانە پێشنیار یان ڕەتی دەکاتەوە بیگرێتە بەر؛ ڕوونکردنەوەی ئەوەی بۆچی قوتابخانە ئەم ڕێکارە پێشنیار یان ڕەت دەکاتەوە؛ وەسفی هەر ڕێوشوێنێکی هەڵسەنگاندن، تاقیکردنەوە، تۆمارکردن، یان ڕاپۆرت کە قوتابخانە لە بڕیاردان بۆ پێشنیارکردن یان ڕەتکردنەوەی ڕێکارەکە بەکاری دەهێنێت؛ ڕاگەیاندنێک کە تۆ بەپێی پاراستنە ڕێکارییەکانی IDEA پارێزگاریت لێ دەکرێت؛ ڕوونکردنەوەی چۆنیەتی دەستکەوتی کۆپییەک لەم *ڕاگەیاندنەی پاراستنە ڕێکارییەکان*؛ زانیاریی پەیوەندی ئەو کەس یان ڕێکخراوانەی کە دەتوانن یارمەتیت بدەن لە تێگەیشتن لەIDEA ؛ وەسفێکی بژاردەکانی تر کە لیژنەیARD ی منداڵەکەت ڕەچاوی کردووە و هۆکارەکان کە بۆچی ئەو بژاردانە ڕەت کراونەوە؛ و وەسفێکی هۆکارەکانی تر کە بۆچی قوتابخانە ئەم ڕێکارە پێشنیار دەکات یان ڕەتی دەکاتەوە.

ئاگادارییەکە دەبێت بە نووسراو بێت بەو زمانەی خەڵک بەگشتی لێی تێ دەگەن و پێویستە بۆ زمانی ڕەسەنی تۆ یان شێوازی تر پەیوەندیکردن وەربگێڕدرێت مەگەر ئەوەی کە بەڕوونی نەتوانرێت ئەمە بکرێت.

ئەگەر زمانی ڕەسەن یان شێوازی پەیوەندیی تری تۆ زمانێکی نووسراو نییە، قوتابخانە پێویستە ئاگادارییەکە بەزارەکی یان بە ڕێگای تر بە زمانی ڕەسەنی تۆ یان هەر شێوازێکی تری پەیوەندیکردن وەربگێڕێت تاوەکو تۆ لێی تێبگەیت .قوتابخانە دەبێ بەڵگەی نووسراوی هەبێت کە ئەمە ئەنجام دراوە.

ئەگەر، لە هەرکاتێکدا دوای ئەوەی قوتابخانە دەستی بە دابینکردنی پەروەردەی تایبەت و خزمەتگوزارییە پەیوەندیدارەکان بۆ منداڵەکەت کرد، تۆ ڕەزامەندی خۆت بۆ خزمەتگوزارییەکان هەڵبوەشێنیتەوە، قوتابخانە پێویستە بوەستێت لە فەراهەمکردنی.

بۆ زانیاریی زیاتر، سەردانی ئەمە بکە منداڵان و لاوانی ئەزموونکەری بێلانەیی(لینک: bit.ly/39v6KzG).

بۆ ئەوە مافت هەبێت وەک باوک و دایکی جێگرەوە خزمەت بکەیت، تۆ پێویستە کە کارمەندیTEA ، قوتابخانە، یان هیچ دەزگایەکی تر کە لە پەروەردە یان چاودێری منداڵەکە بەشدارە نەبێت، و تۆ پێویستە هیچ بەرژەوەندییەکت نەبێت کە لەگەڵ بەرژەوەندی منداڵەکە ناکۆک بێت .ئەو کەسەی کە وەک باوک و دایکی جێگرەوە دیاری دەکرێت پێویستە زانیاری و کارامەیی تەواوی هەبێت، بیەوێت خزمەت بکات، کار بە بڕیاردانی سەربەخۆ بکات لە گەڕان بەدوای بەرژەوەندیی منداڵەکە، دڵنیا بێتەوە کە مافەکانی مامەڵەی دادپەروەرانەی منداڵەکە پێشێل نەکراون، سەردانی منداڵەکە و قوتابخانە بکات، چاو بە تۆمارەکانی پەروەردەی منداڵەکەدا بخشێنێتەوە، لەگەڵ کەسی بەشدار لە پەروەردەی منداڵەکە ڕاوێژ بکات، ئامادەی کۆبوونەوەکانی ARDبێت، و بەرنامەیەکی ڕاهێنان تەواو بکات .کەسی دیاریکراو لەلایەن قوتابخانەوە بۆ مامەڵەکردن وەک باوک و دایکی جێگرەوە دەبێت بەرنامەی ڕاهێنان تەواو بکات پێش کۆبوونەوەی داهاتووی بەرنامەڕێژکراویARD ی منداڵەکە بەڵام نابێ بگاتە ٩٠ەمین ڕۆژ دوای ڕێکەوتی دیاریکردنی سەرەتایی وەک باوک و دایکی جێگرەوە .کاتێک تۆ بەرنامەیەکی ڕاهێنانی پەسندکراوت تەواو کرد، تۆ پێویست ناکات دووبارە بەرنامەی ڕاهێنانی ئەنجام بدەیتەوە بۆ مامەڵەکردن وەک باوک و دایک بۆ هەمان منداڵ یان بۆ خزمەتکردن وەک باوک و دایک یان وەک باوک و دایکی جێگرەوە بۆ منداڵی تر.

بۆ مەرجەکانی تر لەبارەی باوک و دایکی جێگرەوە تکایە ئەمە سەیر بکە 19 TAC§89.1047 (لینک https://bit.ly/48MJXOa).

## دۆزینەوەی منداڵ

هەموو منداڵانی خاوەن کەمئەندامێتی کە لە ویلایەتەکەدا نیشتەجێن، کە پێویستییان بە پەروەردەی تایبەت و خزمەتگوزارییە پەیوەندیدارەکانە، لەناویاندا منداڵانی خاوەن کەمئەندامی کە منداڵی بێلانەن، یان منداڵانی کە لەژێر سەرپەرشتیاریی دەوڵەتدان و ئەو منداڵانەی خاوەن کەمئەندامێتین و لە قوتابخانەی تایبەت دەخوێنن، بێگوێدانە پلەی سەختی کەمئەندامێتییەکەیان، دەبێت بناسێنرێن، شوێنیان دیاری بکرێت، و هەڵسەنگاندنیان بۆ بکرێت .ئەم پرۆسەی پێی دەوترێت *دۆزینەوەی منداڵ*.

وەک بەشێک لە چالاکییەکانی دۆزینەوەی منداڵ، LEA دەبێت ئاگادارییەک لە ڕۆژنامە یان ڕاگەیاندنەکانی تردا، یان هەردووکیان، بڵاو بکاتەوە و ڕای بگەیەنێت، بە بڵاوکردنەوەیەکی تەواو بۆ ئاگادارکردنەوەی باوک و دایکان لە چالاکی دیاریکردنی شوێن، ناساندن، و هەڵسەنگاندنی ئەو منداڵانەی پێویستییان بە پەروەردەی تایبەت و خزمەتگوزارییە پەیوەندیدارەکانە.

بۆ زانیاری تێروتەسەلتر لە بارەی پێویستییەکانی دۆزینەوەی منداڵ، تکایە بگەڕێوە بۆ چوارچێوەی یاسایی بۆ پرۆسەی پەروەردەی تایبەتی چڕکراوە لەسەر منداڵ (لینک: fw.escapps.net).

## خزمەتگوزارییە سەرەتاییەکان

قوتابخانەکەت پێویستە ڕەزامەندیی بەئاگای تۆ بەدەست بهێنێت پێش دابینکردنی پەروەردەی تایبەت و خزمەتگوزارییە پەیوەندیدارەکان بۆ منداڵەکەت بۆ یەکەم جار .قوتابخانەکە پێویستە هەوڵی بەجێ بدات بۆ بەدەستهێنانی ڕەزامەندیی بەئاگای تۆ پێش دابینکردنی پەروەردەی تایبەت و خزمەتگوزارییە پەیوەندیدارەکان بۆ منداڵەکەت بۆ یەکەم جار .ئەگەر تۆ وەڵامی داواکارییەکەت نەدایەوە بۆ پێدانی ڕەزامەندی بۆ منداڵەکەت تا پەروەردەی تایبەت و خزمەتگوزارییە پەیوەندیدارەکانی پێ بگات بۆ یەکەم جار، یان ئەگەر ڕەتت کردەوە ڕەزامەندی وەها بدەی یان دواتر لە ڕەزامەندییەکەت پاشگەز بوویەوە (هەڵت وەشاندەوە) بە نووسین، قوتابخانەکەت ناکرێ پاراستنە ڕێکارییەکان (واتە، نێوەندگیریکردن، سکاڵای مامەڵەی دادپەروەرانە، کۆبوونەوەی یەکلاییکردنەوە، یان دانیشتنی مامەڵەی دادپەروەروانەی بێلایەن ) بەکار بهێنێت بۆ گەیشتنە ڕێککەوتن یان حوکمێک کە پەروەردەی تایبەت و خزمەتگوزارییە پەیوەندیدارەکان کە لەلایەن لیژنەیARD ی منداڵەکەت ڕاسپێردراون بکرێت بۆ منداڵەکەت بەبێ ڕەزامەندی تۆ دابین بکرێن.

ئەگەر ڕەتت کردەوە کە ڕەزامەندی بدەی بۆ ئەوەی منداڵەکەت پەروەردەی تایبەت و خزمەتگوزارییە پەیوەندیدارەکانی پێ بگات بۆ یەکەم جار، یان ئەگەر تۆ وەڵامی داواکارییەکەت بۆ پێدانی ئەم ڕەزامەندییە نەدا یان دواتر پاشگەزبوویەوە لە ڕەزامەندییەکەت (هەڵت وەشاندەوە) بە نووسین و قوتابخانە پەروەردەی تایبەت و خزمەتگوزارییە پەیوەندیدارەکانی بۆ منداڵەکەت دابین نەکات کە داوای ڕەزامەندیی تۆی دەکرد بۆی، قوتابخانەکەت پێشێلکاری مەرجەکەی نەکردووە ئەگەر FAPE بەردەست بکات بۆ منداڵەکەت بەهۆی شکستهێنانی لە دابینکردنی ئەو خزمەتگوزارییانە بۆ منداڵەکەت؛ و پێویست نییە کە کۆبوونەوەی لیژنەی ARDیان پەرەپێدانی بە IEP بە منداڵەکەت هەبێت بۆ پەروەردەی تایبەت و خزمەتگوزارییە پەیوەندیدارەکان کە داوای ڕەزامەندیی تۆی کردبوو لەسەری.

ئەگەر تۆ پاشگەز بوویەوە لە ڕەزامەندییەکەت (هەڵت وەشاندەوە) بە نووسین لە هەر کاتێکی دوای ئەوەی منداڵەکەت بۆ یەکەم جار پەروەردەی تایبەت و خزمەتگوزارییە پەیوەندیدارەکان وەردەگرێت، ئەوا قوتابخانەکە ناکرێ بەردەوام بێت لە دابینکردنی ئەو خزمەتگوزارییانە، بەڵام دەبێت ئاگاداریی نووسراوی پێشوەخت بە تۆ بدات، بەو شێوەیەی لەژێر ناونیشانی ئاگاداریی نووسراوی پێشوەخت باسکراوە، پێش وەستاندنی ئەو خزمەتگوزارییانە.

## دووبارە هەڵسەنگاندنەوە

قوتابخانە پێویستە ڕەزامەندی تۆ وەربگرێت بۆ دووبارە هەڵسەنگاندنەوەی منداڵەکەت مەگەر ئەوەی کە بتوانێت ئەوە نیشان بدات کە ڕێکاری گونجاو بۆ بەدەستهێنانی ڕەزامەندیی تۆ گیراوەتە بەر و تۆ لە نەتتوانیوە وەڵام بدەیتەوە.

*ڕێوشوێنەکانی پووچەڵکردنەوە* - ئەگەر منداڵەکەت لە قوتابخانەی گشتی ناونووس کرابوو یان دەتەوێت لە قوتابخانەی گشتی منداڵەکەت ناونووس بکەیت و ڕەتت کردوەتەوە کە ڕەزامەندی بدەی یان نەتتوانیوە وەڵامی داواکاری پێدانی ڕەزامەندی بۆ هەڵسەنگاندنی سەرەتایی بدەیتەوە، قوتابخانەکەت لەوانەیە، بەڵام مەرج نییە، هەوڵ بۆ جێبەجێکردنی

پەروەردەی تایبەت و خزمەتگوزارییە پەیوەندیدارەکان بۆ منداڵەکەت .پێش وەستاندنی خزمەتگوزارییەکان؛ هەرچۆنێک بێت، قوتابخانە پێویستە ئاگاداریی نووسراوی پێشوەخت بە تۆ بدات بەلایەنی کەمەوە پێنج ڕۆژی دەوام بەر لەوەی خزمەتگوزارییەکان بوستن، مەگەر ئەوەی کە خۆت بە سنووری کاتی کەمتر ڕازی بیت.

## پۆستەی ئەلیکترۆنی

باوک و دایکی منداڵێکی خاوەن کەمئەندامی دەکرێ بڕیار بدات کە ئاگاداریی نووسراوی لە ڕێگای پۆستەی ئەلیکترۆنییەوە پێ بگات ئەگەر لای قوتابخانەکە ئەم بژاردەیە بەردەست بوو.

## ڕەزامەندیی باوک و دایک

قوتابخانەکە پێویستە کە ڕەزامەندی بەئاگای تۆ وەربگرێت بەر لەوەی هەندێک کاری دیاریکراو بکات .ڕەزامەندی بەئاگای تۆ واتە کە :تۆ هەموو زانیارییەکی پەیوەست بەو ڕێکارەت پێ دراوە کە داوای مۆڵەتی تۆی بۆ کراوە بە زمانی ڕەسەنی خۆت یان شێوازی تری پەیوەندیکردن؛ تۆ تێدەگەیت و بە نووسین ڕازیت بەو چالاکییەی کە داوای مۆڵەتی تۆی بۆ کراوە، و ڕەزامەندیی نووسراو وەسفی چالاکییەکە دەکات و هەر تۆمارێک کە دەردەکرێت و بۆ کێش باس دەکات؛ و تۆ تێدەگەی کە پێدانی ڕەزامەندی خۆویستانەیە و دەکرێ لە هەرکاتێکدا هەڵبوەشێنرێتەوە .ئەگەر تۆ ویستت لە ڕەزامەندییەکەت بۆ دابینکردنی بەردەوامی پەروەردەی تایبەت و خزمەتگوزارییە پەیوەندیدارەکان پاشگەز بیەوە، ئەوا پێویستە بە نووسین ئەمە بکەیت .ئەگەر تۆ ڕەزامەندیت دا و پاشان هەڵت وەشاندەوە، هەڵوەشاندنەوەکەت کاریگەری لەسەر پێشوو نابێت.

قوتابخانە پێویستە بەڵگەنامەی هەوڵە بەجێیەکان بۆ بەدەستهێنانی ڕەزامەندی باوک و دایک هەڵبگرێت .بەڵگەنامەکان پێویستە تۆماری هەوڵەکانی قوتابخانە بۆ بەدەستهێنانی ڕەزامەندی وەکو تۆماری تەلەفۆنی پڕ وردەکاری، کۆپیی نامەگۆڕینەوەکان، و تۆماری پڕ وردەکاریی ئەو سەردانانەی کە بۆ ماڵ یان شوێنی کارکردنی تۆ کراوە لە خۆ بگرێت.

## هەڵسەنگاندنی سەرەتایی

پێش ئەنجامدانی هەڵسەنگاندنی سەرەتایی بۆ منداڵەکەت بۆ بڕیاردان لەسەر ئەوەی ئاخۆ منداڵەکەت شایستە دەبێت وەک منداڵێکی خاوەن کەمئەندامی بەپێیIDEA ، قوتابخانەکە پێویستە کۆپییەکی *ڕاگەیاندنی پاراستنە ڕێکارییەکان* و کۆپییەک لە فۆرمی تێڕوانینی گشتی پەروەردەی تایبەت بۆ دایک و باوکان کە لەلایەن TEA دروستکراوە، ئاگاداریی نووسراوی پێشوەخت لەسەر هەڵسەنگاندنی پێشنیارکراو بە تۆ بدات و ڕەزامەندیی بەئاگای تۆ بەدەست بهێنێت .قوتابخانە پێویستە هەوڵی بەجێ بدات بۆ بەدەستهێنانی ڕەزامەندیی تۆ بۆ دووبارە هەڵسەنگاندنەوە .ڕەزامەندیی تۆ بۆ هەڵسەنگاندنی سەرەتایی بە واتای ئەوە نایەت کە تۆ ڕەزامەندیت بە قوتابخانە داوە بۆ دەستکردن بە دابینکردنی پەروەردەی تایبەت و خزمەتگوزارییە پەیوەندیدارەکان بۆ منداڵەکەت .ئەگەر منداڵەکەت لەژێر سەرپەرشتیاری دەوڵەتدایە و لەگەڵ تۆ ناژیت، قوتابخانە پێویست ناکا ڕەزامەندیی تۆ بەدەست بهێنێت ئەگەر ئەوان نەتوانن تۆ بدۆزنەوە یان ئەگەر مافەکانی باوک و دایکایەتی تۆ کۆتایی هاتووە یان دراوەتە کەسێکی تر بە فەرمانی دادگا.

تێچووی گشتی واتە قوتابخانە یان تێچووی تەواوی هەڵسەنگاندنەکە دەدات یان دڵنیایی دەدات کە هەڵسەنگاندنەکە بەشێوەیەکی تر بێ هیچ تێچوونێک بۆ تۆ دابین دەکرێت.

ئەگەر تۆ داوایIEE ی منداڵەکەت کرد لەسەر تێچووی گشتی، قوتابخانەکەت پێویستە، بەبێ دواخستنی ناپێویست، **یان** ئەوەتا (ا) : پێشکەشکردنی سکاڵای ماملەی دادپەروەرانە بۆ داواکردنی دانیشتنێک بۆ نیشاندانی ئەوەی کە هەڵسەنگاندنەکەی بۆ منداڵەکەت شیاوە؛ **یان** (ب )دابینکردنی IEE لەسەر تێچووی گشتی، مەگەر ئەوەی کە قوتابخانە لە دانیشتنەکەدا دەری خات کە هەڵسەنگاندنی منداڵەکەت کە دەستت کەوتووە شوێن پێوەری قوتابخانە نەکەوتووە.

تۆ شایستەیت تەنها بۆ یەک IEE لەسەر تێچووی گشتی هەر جارێک قوتابخانە هەڵسەنگاندنێک ئەنجام بدات کە تۆ پێی ڕازی نەبیت.

ئەگەر داوای IEE ی منداڵەکەت بکەیت، قوتابخانە لەوانەیە داوای هۆکاری ئەوە بکات کە بۆچی تۆ نارازی بەرامبەر ئەو هەڵسەنگاندنەی منداڵەکەت کە قوتابخانەکەت بەدەستی هێناوە .هەرچۆنێک بێت، قوتابخانەکەت لەوانە نییە داوای ڕوونکردنەوە بکات و لەوانە نییە بەبێ هۆکار دابینکردنیIEE ی منداڵەکەت لەسەر تێچووی گشتی یان پێشکەشکردنی سکاڵای ماملەی دادپەروەرانە بۆ داواکردنی دانیشتنی ماملەی دادپەروەرانە بۆ بەرگریکردن لە هەڵسەنگاندنی قوتابخانە بۆ منداڵەکەت دوا بخات.

## پێوەرەکانیIEE

ئەگەر IEE لەسەر تێچووی گشتی بێت، پێوەرەکانی دەستکەوتنی هەڵسەنگاندنەکە، لەوانەش شوێنی هەڵسەنگاندنەکە و تایبەتمەندییەکانی هەڵسەنگێنەرەکە، پێویستە وەک هەمان پێوەر بن کە قوتابخانە بەکاری دەهێنێت کاتێک دەست بە هەڵسەنگاندن دەکات تا ئەو ڕادەیەی کە ئەو پێوەرانە لەگەڵ مافی تۆ بۆ IEE گونجاو بن .جگە لە پێوەری پێشەکی، قوتابخانە ناکرێ مەرج یان سنووری کاتیی پەیوەندیدار بە دەستکەوتنی IEEی لەسەر تێچووی گشتی بسەپێنێت.

## بڕیاری بەرپرسی دانیشتن

ئەگەر قوتابخانە سکاڵای ماملەی دادپەروەرانەی بەرز کردەوە بۆ داواکردنی دانیشتنی ماملەی دادپەروەرانە و بەرپرسی دانیشتنەکە بڕیاری دا کە هەڵسەنگاندنی قوتابخانە دروستە یان ئەوەی کە ئەو IEE کە دەستت کەوتووە لەگەڵ پێوەرەکانیIEE ی قوتابخانە یەک ناگرێت، قوتابخانەکە پێویست ناکات تێچووی IEE بگرێتە ئەستۆ.

## IEEلەسەر تێچووی تایبەت

تۆ هەمیشە مافی ئەوەت هەیە داوای IEE لەسەر تێچووی خۆت بکەیت . گرنگ نییە کێ تێچووەکە دەگرێتە ئەستۆ، قوتابخانە پێویستە ڕەچاوی IEEیەکە بکات بۆ هەر بڕیارێک لەبارەی دابینکردنی FAPE بۆ منداڵەکەت ئەگەر IEE یەکە لەگەڵ پێوەرەکانی قوتابخانە یەکی گرتەوە .تۆ هەروەها دەکرێ IEE وەک بەڵگە لە دانیشتنی ماملەی دادپەروەرانە پێشکەش بکەیت.

هەڵسەنگاندنی سەرەتایی بۆ منداڵەکەت بدات لە ڕێگای بەکارهێنانی نێوەندگیری IDEA یان سکاڵای ماملەی دادپەروەرانە، کۆبوونە یەکلاییکردنەوە، و ڕێوشوێنەکانی دانیشتنی ماملەی دادپەروەرانەی بێلایەن . قوتابخانەکەت بەرپرسیارێتییەکانی پێشێل ناکات بۆ دیاریکردنی شوێن، ناساندن، و هەڵسەنگاندنی منداڵەکەت (بەرپرسیارێتی دۆزینەوەی منداڵ ) ئەگەر داوای هەڵسەنگاندنی منداڵەکەتی نەکرد لەم حاڵەتانەدا.

ئەگەر ڕەتی بکەیەوە ڕازی بیت بە دووبارە هەڵسەنگاندنەوەی منداڵەکەت، قوتابخانە لەوانەیە، بەڵام مەرج نییە، هەوڵ بۆ دووبارە هەڵسەنگاندنەوەی منداڵەکەت بدات لە ڕێگای نێوەندگیریکردن، سکاڵای ماملەی دادپەروەرانە، کۆبوونەوەی یەکلاییکردنەوە، و ڕێوشوێنەکانی دانیشتنی ماملەی دادپەروەرانەی بێلایەن بۆ هەوڵدان بۆ هەڵوەشاندنەوەی ڕەتکردنەوەی تۆ بۆ ڕەزامەندی لەسەر دووبارە هەڵسەنگاندنەوەی منداڵەکەت .هەر لەگەڵ هەڵسەنگاندنە سەرەتاییەکان، قوتابخانەکەت بەرپرسیارێتی خۆی بەپێی IDEA پێشێل ناکات ئەگەر ڕەتی بکاتەوە کە بەدوای دووبارەی هەڵسەنگاندنەوەدا بگەڕێت لەم بارەدا.

ئەگەر باوک و دایکی منداڵێک کە لە ماڵەوە دەخوێنێت یان لە قوتابخانەی ئەهلی دانراوە لەلایەن باوک و دایکی لەسەر تێچووی خۆیان ڕەزامەندییان نەدا بۆ هەڵسەنگاندنی سەرەتایی یان دووبارە هەڵسەنگاندنەوە یان باوک و دایک وڵامی داواکارییەکەیان بۆ پێدانی ڕەزامەندی نەدایەوە، قوتابخانە لەوانە نییە ڕێوشوێنەکانی هەڵوەشاندنەوەی ڕەزامەندیی IDEA بەکار بهێنێت کە لەسەرەوە باس کراون .بەڕێوەبەرایەتی ناوچەی قوتابخانەکە هەروەها پێویست ناکات کە منداڵەکەت بە شایستە هەژمار بکات بۆ وەرگرتنی خزمەتگوزاریی یەکسان (ئەو خزمەتگوزارییانەی کە بۆ هەندێک منداڵی خاوەن کەمئەندامێتی بەردەستن کە بە ویستی باوک و دایکیان لە قوتابخانەی ئەهلی دانراون) .

ڕەزامەندیی تۆ پێویست نییە پێش ئەوەی قوتابخانە پێداچوونەوە بە داتای ئێستادا بکاتەوە وەک بەشێک لە هەڵسەنگاندن یان دووبارە هەڵسەنگاندنەوەی منداڵەکەت یان تاقیکردنەوەی منداڵەکەت بکات یان هەڵسەنگاندنی تر کە بە هەموو منداڵان دەدرێت مەگەر ئەوەی کە ڕەزامەندی دایکان و باوکان بۆ هەموو منداڵان پێویست بێت .قوتابخانە ناکرێ ڕەتکردنەوەی تۆ بۆ ڕەزامەندی لەسەر خزمەتگوزاری یان چالاکییەک بەکاربهێنێت بۆ بێبەشکردنی تۆ یان منداڵەکەت لە هەر خزمەتگوزارییەک، سوود، یان چالاکییەکی تر.

## هەڵسەنگاندنی پەروەردەیی سەربەخۆ

هەڵسەنگاندنی پەروەردەیی سەربەخۆ (IE) ئەو هەڵسەنگاندنەیە کە لەلایەن کەسێکی پسپۆڕەوە جێبەجێ دەکرێت کە لەلایەن قوتابخانەوە دانەمەزراوە . تۆ مافی ئەوەت هەیە داوای IEE بۆ منداڵەکەت بکەیت ئەگەر ڕازی نەبیت بە هەڵسەنگاندنی منداڵەکەت کە لەلایەن قوتابخانەکەوە دەست کەوتووە .کە داوای IEE دەکەیت، قوتابخانە پێویستە زانیاریت پێ بدات لەبارەی پێوەری هەڵسەنگاندنەکەی و لەکوێ IEE بەدەست دێت.

## IEEلەسەر تێچووی گشتی

ئەگەر بە هەڵسەنگاندنێک ڕازی نەبێت کە قوتابخانە دابینی کردووە، تۆ مافی ئەوەت هەیە کە داوای ئەوە بکەی کە منداڵەکەت هەڵسەنگاندنی بۆ بکرێت، لەسەر تێچووی گشتی، لەلایەن کەسێکەوە کە بۆ قوتابخانەکە کار نەکات.

### خزمەتگوزارییەکان

بەڕێوەبەرایەتی ناوچەی قوتابخانە پێویست ناکات خزمەتگوزاریی پێشکەش بە منداڵێکی خاوەن پێداویستی تایبەت بکات ئەگەر منداڵەکە لە شوێنی ئێستای دووربخرێتەوە بۆ ماوەی 10 ڕۆژ یان کەمتر لە ماوەی ساڵی خوێندندا ئەگەر خزمەتگوزاری پێشکەش بە منداڵێکی بێ کەمئەندام نەکات کە بە هەمان شێوە لابرابێت.

منداڵی خاوەن کەمئەندامی کە لە شوێنی ئێستای منداڵ بۆ ماوەی زیاتر لە ١٠ ڕۆژی دەوام دوور خرابێتەوە و هەڵسوکەوتەکەی دەرخەری کەمئەندامێتیی منداڵ نەبێت یان ئەوەی کە بەهۆی هەلومەرجی تایبەت دوورخرابێتەوە پێویستە:

- بەردەوام بێت لە وەرگرتنی خزمەتگوزارییە پەروەردەییەکان FAPE(ی بەردەست بێت)، بۆ ئەوەی منداڵەکە بتوانێت بەردەوام بێت لە بەشداریکردن لە مەنهەجی پەروەردەی گشتی، ئەگەرچی لە شوێنی تر بێت (کە لەوانەیە IAES بێت)، و بۆ بەرەوپێشچوون بەرەو هێنانەی ئامانجەکان کە لەIEP ی منداڵەکە دانراوە؛ و
- وەرگرتنی، ئەگەر بگونجێت، هەڵسەنگاندنی هەڵسوکەوتیی فرمانی، وە خزمەتگوزاری و ڕێککردنەوەکانی دەستێوەردانی هەڵسوکەوتی، کە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی پێشێلکردنی هەڵسوکەوت دارێژراون بۆ ئەوەی دووبارە ڕوو نەداتەوە.

دوای ئەوەی منداڵی خاوەن کەمئەندامی لە شوێنی ئێستای خۆی دوور خرایەوە بۆ ماوەی ١٠ ڕۆژی دەوام لە هەمان ساڵی خوێندن، و ئەگەر دوورخستنەوەی ئێستا بۆ ماوەی ١٠ ڕۆژی دەوامی لەدوای یەک یان کەمتر و ئەگەر دوورخستنەوەکە گۆڕینی شوێن نەبوو (سەیری پێناسەی خوارەوە بکە)، ئەوکات دەستەی قوتابخانە، بە ڕاوێژ لەگەڵ بەلایەنی کەمەوە یەکێک لە مامۆستاکانی منداڵەکە، بڕیار دەدات لەسەر ئەو تا چ ڕادەیەک خزمەتگوزارییەکان پێویستن بۆ ئەوەی منداڵەکە بتوانێت بەردەوام بێت لە بەشداریکردن لە مەنهەجی پەروەردەی گشتی، ئەگەرچی لە شوێنی تر بێت، و بۆ بەرەوپێشچوون بەرەو هاتنەدی ئەو ئامانجانەی کە لەIEP ی منداڵەکە دانراون.

ئەگەر دوورخستنەوەکە گۆڕینی شوێن بێت، لیژنەیARD ی منداڵەکە بڕیار دەدات لەسەر خزمەتگوزارییە شیاوەکان بۆ ئەوەی منداڵەکە بتوانێت بەردەوام بێت لە بەشداریکردن لە مەنهەجی پەروەردەی گشتی، ئەگەرچی لە شوێنی تر بێت (کە لەوانەیە IAES بێت)، و بۆ بەرەوپێشچوون بەرەو هێنانەدی ئامانجەکان کە لەIEP ی منداڵەکە دانراوە؛ و

### یەکلاکردنەوەی دەرخستن

لەماوەی ١٠ ڕۆژی دەوامدا هەر بڕیارێک بۆ گۆڕینی شوێنی منداڵی خاوەن کەمئەندامی بەهۆی شکاندنی ڕێسای ڕەفتاری منداڵ ( جگە لە دوورخستنەوە کە بۆ ماوەی ١٠ ڕۆژی لەدوای یەکی دەوام یان کەمتر و نەگۆڕینی شوێن)، قوتابخانە، تۆ، و ئەندامانی پەیوەندیداری لیژنەی ( ARD بەو شێوەیەی کە لەلایەن تۆ و قوتابخانەکەت بڕیاری لەسەر دراوە ) پێویستە

### IEEی داواکراو لەلایەن بەرپرسی دانیشتن

ئەگەر بەرپرسی دانیشتن داوای IEE بکات وەک بەشێک لە دانیشتنی مامەڵەی دادپەروەرانە، قوتابخانەکە پێویستە تێچووەکەی بگرێتە ئەستۆ.

## ڕێوشوێنەکانی ڕێککاریی منداڵانی خاوەن کەمئەندامی

### دەسەڵاتی دەستەی قوتابخانە

#### یەکلاییکردنەوەی دۆسیەکان بەجیا

دەستەی قوتابخانە دەکرێ ڕەچاوی هەلومەرجی تایبەت بکەن لەسەر بنەمای دۆسیەی جیا لەکاتی یەکلاییکردنەوەی ئەوەی ئاخۆ گۆڕینی شوێن، کە بەپێی مەرجەکانی خوارەوەی پەیوەندیدار بە ڕێککاری ئەنجام دراوە، شیاوە بۆ منداڵێکی خاوەن کەمئەندامی کە ڕێسای ڕەفتاری قوتابی پێشێل بکات.

#### گشتی

تا ئەو ڕادەیەی کە ئەوان ئەم ڕێکارە دەگرنە بەر بۆ منداڵانی ناکەمئەندام، کارمەندانی قوتابخانە دەکرێ، بۆ ماوەیەک زیاتر نەبێت لە
١٠ ڕۆژی دەوام بەدوای یەکدا، ئەو منداڵە خاوەن کەمئەندامییەی کە ڕێسای ڕەفتاری قوتابی پێشێل کردووە لە شوێنی ئێستای خۆی دووری بخەنەوە بۆ شوێنێکی پەروەردەیی جێگرەوەی کاتیی شیاو(**IAES**) ، شوێنێکی تر، یان هەڵپەساردن .دەستەی قوتابخانە دەکرێ هەروەها دوورخستنەوەی زیاتر بسەپێنن بەسەر منداڵەکە کە نەگاتە ١٠ ڕۆژی دەوام بەدوای یەکدا لە هەمان ئەو ساڵەی خوێندندا بۆ ڕووداوی بەدڕەفتاری جیا، ئەگەر ئەو دوورخستنەوانە نەبنە هۆی گۆڕینی شوێن (سەیری بەشی گۆڕینی شوێن بەهۆی دوورخستنەوەی ڕێککاری بکە بۆ پێناسەکەی .)کاتێک منداڵی خاوەن کەمئەندامی لە شوێنی ئێستای دوور خرایەوە بۆ ماوەیەک بەتێکرا
١٠ ڕۆژی قوتابخانە بێت لە هەمان ساڵی خوێندن، ئەوا قوتابخانەکە پێویستە، لەماوەی هەر ڕۆژێکی دوای دوورخستنەوە لە هەمان ساڵی خوێندندا، خزمەتگوزاریی دابین بکەن تا ئەو ڕادەیەی داواکراوە لە خوارەوە لەژێر تەوەرەی خزمەتگوزارییەکان.

#### دەسەڵاتی زیادە

ئەگەر ئەو هەڵسوکەوتەی کە ڕێسای ڕەفتاری قوتابی شکاندووە دەرخەری کەمئەندامیی منداڵەکە نەبوو، و گۆڕینی ڕێککاریی شوێن لە ١٠ ڕۆژی دەوام بەدوای یەکدا تێپەڕ بکات، دەستەی قوتابخانە دەکرێ ڕێوشوێنە ڕێککارییەکان جێبەجێ بکەن بەسەر ئەو منداڵەکەی خاوەن کەمئەندامییە بە هەمان شێوە و بۆ هەمان ماوەی منداڵێکی بێ کەمئەندامی، جگە لەوەی کە قوتابخانە پێویستە خزمەتگوزارییەکان بۆ ئەو منداڵە دابین بکات بەو شێوەی لە خوارەوە لە بەشی خزمەتگوزارییەکاندا باس کراون .لیژنەیARD ی منداڵەکە IAES بۆ ئەم خزمەتگوزارییانە یەکلایی دەکاتەوە.

ژێر فرمانی قوتابخانەدا بەپێی دەسەڵاتی دادوەریی TEA یان قوتابخانە؛

- بە ئەنقەست دەرمانی نایاسایی پێ بێت یان بەکاری بهێنێت (سەیری پێناسەی خوارەوە بکە)، یان ماددەیەکی چاودێریکراو بفرۆشێت یان یارمەتی فرۆشتنی بدات، (سەیری پێناسەی خوارەوە بکە)، کاتێک لە قوتابخانە، لەناو بینای قوتابخانە، یان لەژێر فرمانی قوتابخانەدا بێت بەپێی دەسەڵاتی دادوەریی TEA یان قوتابخانە؛ یان
- زامی جەستەیی سەخت بکات (سەیری پێناسەی خوارەوە بکە )تووشی کەسێکی تر بکات کاتێک لە قوتابخانە، لەناو بینای قوتابخانە، یان لەژێر فرمانی قوتابخانەدا بێت بەپێی دەسەڵاتی دادوەریی TEA یان قوتابخانە.

## پێناسەکان

**ماددەی چاودێریکراو** بە واتای دەرمانێک یان ماددەی تر دێت کە بەپێی خشتەکانیI، II، III، IV ، یان V لە بەشی 202(c) لە یاسای ماددە چاودێریکراوەکان ناسێنراون.(21 U.S.C. 812(c))

**دەرمانی نایاسایی** بە واتای ماددەیەکی چاودێریکراو دێت، بەڵام ئەو ماددە چاودێریکراوەی تێدا نەبێت کە بەشێوەی یاسایی دەست دەکەوێت یان بەکاردێت لەژێر سەرپەرشتی پسپۆڕی چاودێری تەندروستی مۆڵەتپێدراو یان ئەوەی کە بەشێوەی یاسایی دەست نەکەوێت یان بەکار نەهێنرێت بەپێی هەر دەسەڵاتێکی تر بەپێی ئەو یاسایە یان هەر یاسایەکی تری یاسای فیدراڵی.

**زامی جەستەیی سەخت** ئەو مانایەی هەیە کە لە دەستەواژەی زامی جەستەیی سەختدا هەیە *بەپێی* برگەی (3) لە لقی (h) لە بەشی 1365 ی ناونیشانی18 ، یاسای ویلایەتە یەکگرتووەکان.

**چەک** *ئەو مانایەی هەیە کە لە دەستەواژەی چەکی ترسناکدا هەیە بەپێی برگەی (2) لە لقی (g) لە بەشی 930 ی ناونیشانی18 ، یاسای ویلایەتە یەکگرتووەکان.*

## ئاگادارکردنەوە

لەو ڕێکەوتەی کە بڕیاری تێدا دەدرێت بۆ دوورخستنەوە کە گۆڕینی شوێنی منداڵەکەیە بەهۆی پێشێلکردنی ڕێسای ڕەفتاری قوتابی، بەڕێوەبەرایەتی ناوچەی قوتابخانەکە پێویستە تۆ لەو بڕیارە ئاگادار بکاتەوە، و ئاگاداریی پاراستنە ڕێکارییەکانت پێ بدات.

## گۆڕینی شوێن بەهۆی دوورخستنەوە ڕێککارییەکان

دوورخستنەوەی منداڵەکە خاوەن کەمئەندامییەکەت لە شوێنی پەروەردەیی ئێستای منداڵەکەت بریتییە لە گۆڕینی شوێن ئەگەر:

- دوورخستنەوەکە زیاتر لە ١٠ڕۆژی دەوام بێت بەدوای یەکدا؛ یان

بە هەموو زانیاریی پەیوەندیداری لە دۆسیەی قوتابییەکەدا بچنەوە، لەناویاندا IEPای منداڵەکە، هەر تێڕوانینێکی مامۆستا، و هەر زانیارییەکی پەیوەندیدار کە لەلایەن تۆوە دابین بکرێت بۆ یەکلاییکردنەوەی ئەوەی:

- ئاخۆ ئەو ڕەفتارەی لێکۆڵینەوەی لەسەر دەکرێت دروست بووە بەهۆی، یان پەیوەندی ڕاستەوخۆ و بەرچاوی هەیە بە، کەمئەندامێتیی منداڵەکە؛ یان
- ئاخۆ ئەو ڕەفتارەی لێکۆڵینەوەی لەسەر دەکرێت ئەنجامی ڕاستەوخۆی شکستی قوتابخانە بووە لە جێبەجێکردنی IEPی منداڵەکە.

ئەگەر قوتابخانەکە، تۆ ، و هەر ئەندامێکی پەیوەندیداری لیژنەی ARD بگەنە ئەوەی کە هەر یەکێک لەو مەرجانە هاتووەتە دی، ئەوا ڕەفتارەکە دەبێت وەک دەرخەری کەمئەندامێتیی منداڵەکە دیاری بکرێت.

ئەگەر قوتابخانەکە، تۆ، و هەر ئەندامێکی پەیوەندیداری لیژنەیARD ی منداڵەکە بگەنە ئەوەی کە ئەو ڕەفتارەی لێکۆڵینەوەی لەسەر دەکرێت ئەنجامی ڕاستەوخۆی شکستی قوتابخانە بووە لە جێبەجێکردنیIEP ، ئەوا قوتابخانەکە پێویستە ڕێکاری دەستبەجێ بگرێتە بەر بۆ چارەسەرکردنی ئەو کەموکورتییانە.

## یەکلاکردنەوەی ئەوەی کە هەڵسوکەوتێک دەرخەری کەمئەندامێتیی منداڵەکە بووە

ئەگەر قوتابخانە، تۆ، و ئەندامانی پەیوەندیداری لیژنەیARD یەکلا بینەوە لەسەر ئەوەی کە ڕەفتارەکە دەرخەری کەمئەندامێتیی منداڵەکە بووە، لیژنەی ARDپێویستە یەکێک لەمانە بکات:

- هەڵسەنگاندنی هەڵسوکەوتیی فرمانی، مەگەر ئەوەی کە قوتابخانەکە هەڵسەنگاندنی هەڵسوکەوتیی ڕەفتاریی ئەنجام دابێت بەر لەو هەڵسوکەوتەی کە بووەتە هۆی ڕوودانی گۆڕینی شوێن، و پلانی دەستتێوەردانی هەڵسوکەوتی بۆ منداڵەکە جێبەجێ بکات؛ یان
- ئەگەر پلانی دەستتێوەردانی هەڵسوکەوتی پێشووتر پەرەی پێ درابێت، پێداچوونەوە بە پلانی دەستتێوەردانی هەڵسوکەوتی بکات، و هەمواری بکات، ئەگەر پێویست بکات، بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی هەڵسوکەوتەکە.

جگە لەوەی کە لە خوارەوە باس کراوە لە بەشی هەلومەرجە تایبەتەکان، قوتابخانە پێویستە منداڵەکەت بۆ ئەو شوێنەی بگەڕێنێتەوە کە لێی دوور خراوەتەوە، مەگەر ئەوەی کە بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی ناوچەکە ڕازی بێت بە گۆڕینی شوێن وەک بەشێک لە هەموارکرنەوەی پلانی دەستتێوەردانی هەڵسوکەوتی.

## هەلومەرجە تایبەتەکان

ئەگەر هەڵسوکەوتەکە دەرخەر بێت یاخود نا بۆ کەمئەندامێتیی منداڵەکە، دەستەی قوتابخانە لەوانەیە منداڵ لە IAES دوور بخەنەوە (لەلایەن لیژنەی ARD ی قوتابخانەوە یەکلا دەکرێتەوە) بۆ ماوەیەک زیاتر نەبێت لە ٤٥ ڕۆژی دەوام، ئەگەر منداڵەکەت:

- چەک هەڵ بگرێت (لە خوارەوە سەیری پێناسەکە بکە) بۆ قوتابخانە یان چەکی پێ بێت لە قوتابخانە، لەناو بینای قوتابخانە، یان لە

هەڵسوکەوتی منداڵەکەت دەرخەری کەمئەندامێتی منداڵەکەت بێت؛ یان

- داوای گۆڕینی شوێنی منداڵە خاوەن کەمئەندامییەکەت بکات بۆ IAESێکی شیاو بۆ ماوەیەک زیاتر نەبێت لە ٤٥ ڕۆژی دەوام ئەگەر بەرپرسی دانیشتنەکە بگاتە ئەوەی کە هێشتنەوەی شوێنی ئێستای منداڵەکەت بەشێوەیەکی بەرچاو پێدەچێت ببێتە زیان گەیاندن بە منداڵەکەت یان منداڵی تر.

ئەم ڕێوشوێنانەی دانیشتن دەکرێ دووبارە بکرێنەوە، ئەگەر قوتابخانە باوەڕی وابێت کە گەڕاندنەوەی منداڵەکەت بۆ شوێنە بنچینەییەکەی بەشێوەیەکی بەرچاو پێدەچێت ببێتەهۆی زیان گەیاندن بە منداڵەکەت یان منداڵی تر.

هەرکاتێک تۆ یان قوتابخانەیەک سکاڵای ماملەی دادپەروەرانە پێشکەش بکات بۆ داواکردنی دانیشتنێکی وەها، پێویستە دانیشتنێک گرێ بدرێت کە ئەو مەرجانەی تێدا بێتە دی کە لە بەشی ڕێوشوێنەکانی ماملەی دادپەروەرانە لە خوارەوە باس کراون، جگە لەمەی خوارەوە:

- TEAیان قوتابخانە پێویستە ئامادەکاری بۆ دانیشتنێکی بەپەلەی ماملەی دادپەروەرانە بکات، کە پێویستە لەماوەی ٢٠ ڕۆژی دەوام لە ڕێکەوتی داواکردنی دانیشتنەکەوە ڕوو بدات و پێویستە لە ئەنجامدا بڕیارێک بدرێت لە ماوەی ١٠ ڕۆژی دەوای دوای دانیشتنەکە.
- مەگەر ئەوەی تۆ و قوتابخانە بە نووسین ڕازی بن بە چاوپۆشیکردن لە کۆبوونەوەکە، یان ڕازی بن بە بەکارهێنانی نێوەندگیریکردن، کۆبوونەوەیەکی یەکلاییکردنەوە پێویستە لەماوەی حەوت ڕۆژی ڕۆژژمێردا لە ڕێکەوتی گەیشتنی ئاگاداریی سکاڵای ماملەی دادپەروەرانەوە ڕوو بدات . دانیشتنەکە لەوانەیە دەست پێ بکات مەگەر ئەوەی کە کێشەکە چارەسەر بکرێت بە پەسندکردنی هەردوو لایەن لەماوەی ١٥ ڕۆژی ڕۆژژمێری لەدوای گەیشتنی سکاڵای ماملەی دادپەروەرانە.
- هەر ویلایەتێک دەکرێ ڕێسای ڕێکاریی بۆ دانیشتنی بەپەلەی ماملەی دادپەروەرانە دابنێت کە جیاواز بێت لەوەی بۆ دانیشتنی تر ماملەی دادپەروەرانە دایناوە، بەڵام بەدەر لە هێڵە کاتییەکان، ئەو ڕێسایانە دەبێت لەگەڵ ڕێساکانی ناو ئەو بەڵگەنامەیە لەبارەی دانیشتنەکانی ماملەی دادپەروەرانە بگونجێن.

تۆ یان قوتابخانەکە دەکرێ داوای تێهەڵچوونەوەی بڕیارەکە بکەن لە دانیشتنی پێشخراوی ماملەی دادپەروەرانە بە هەمان شێوەی بڕیارەکانی دانیشتنەکانی تری ماملەی دادپەروەرانە، هەروەک لە بەشی ڕێکارە مەدەنییەکان، لە خوارەوە، باس کراون.

### دانانی شوێن لەکاتی تێهەڵچوونەوەکان

کاتێک، وەک لەسەرەوە باس کرا، تۆ یان قوتابخانەکەت سکاڵای ماملەی دادپەروەرانە پەیوەست بە مەسەلەکانی ڕێککاری پێشکەش بکەن، منداڵەکەت پێویستە (مەگەر ئەوەی کە تۆ و TEA یان قوتابخانە بەپێچەوانەوە ڕازی بن ) لە IAES بمێنێتەوە بە هەڵپەساردنی بڕیاری

- منداڵەکەت تووشی زنجیرەیەک دوورخستنەوە بووبێت کە نموونەیەک دروست کەن:
  - سەرجەمی زنجیرەی دوورخستنەوەکان زیاتر لە ١٠ ڕۆژی دەوام بێت لە ساڵێکی خوێندندا؛
  - هەڵسوکەوتی منداڵەکە تا ڕادەیەکی زۆر هاوشێوەی هەڵسوکەوتی منداڵەکە بێت لە حاڵەتەکانی پێشوو کە بووەتە هۆی زنجیرەیەک دوورخستنەوە؛ و
  - هۆکاری تری وەها وەک ماوەی هەر دوورخستنەوەیەک، سەرجەمی ئەو کاتەی کە منداڵەکە دوور خراوەتەوە، و نزیکیی دوورخستنەوەکان لە یەکتر.

ئەگەر نموونەی دوورخستنەوەکان دروست بوو گۆڕینی شوێن بڕیاری لەسەر دەدرێت لەسەر بنەمای دۆسیەی جیا لەلایەن قوتابخانە و، ئەگەر بەرهەڵستی کرا، ژێربار دەبێت بۆ پێداچوونەوە لە ڕێگای ماملەی دادپەروەرانە و کارراپەڕاندنی دادوەری.

## یەکلاییکردنەوەی ڕێکخستن

لیژنەی ARD بڕیار لەسەر IAES دەدات بۆ ئەو دوورخستنەوانەی کە بریتیین لە گۆڕینی شوێن، و دوورخستنەوەکانی بەشی دەسەڵاتی زیاتر و هەلومەرجە تایبەتەکان.

## تێهەڵچوونەوە

### گشتی

تۆ دەکرێت سکاڵای ماملەی دادپەروەرانە پێشکەش بکەیت بۆ داواکردنی دانیشتنی ماملەی دادپەروەرانە ئەگەر ڕازی نەبێت بە:

- هەر بڕیارێک لەبارەی دانانی شوێن درابێت بەپێی ئەم یاسایانەی ڕێککاری؛ یان
- یەکلاکردنەوەی دەرخستن کە لەسەرەوە باس کراوە.

قوتابخانە دەکرێ سکاڵای ماملەی دادپەروەرانە پێشکەش بکات بۆ داواکردنی دانیشتنی ماملەی دادپەروەرانە ئەگەر باوەڕی وابێت کە هێشتنەوەی شوێنی ئێستای منداڵەکە بەشێوەیەکی بەرچاو پێدەچێت ببێتە زیان گەیاندن بە منداڵەکەت یان منداڵی تر.

### دەسەڵاتی بەرپرسی دانیشتن

بەرپرسی دانیشتنەکە کە ئەو مەرجانەی تێدایە کە لە بەشی ڕێکارەکانی ماملەی دادپەروەرانە لە خوارەوە باسکراوە پێویستە دانیشتنێکی ماملەی دادپەروەرانە ئەنجام بدات و بڕیارێک بدات. بەرپرسی دانیشتن لەوانەیە:

- منداڵە خاوەن کەمئەندامییەکەت بگەڕێنێتەوە بۆ ئەو شوێنەی کە منداڵەکەت لێی دوور خراوەتەوە ئەگەر بەرپرسی دانیشتن یەکلای بێتەوە کە دوورخستنەوەکە پێشێلکردنی ئەو مەرجانە بووە کە لە بەشی دەسەڵاتی دەستەی قوتابخانەدا باس کراون، یان ئەوەی کە

ئەو منداڵانەی کەمئەندامێتییان نییە و لە ڕەفتاری هاوشێوە تێوە دەگلێن .
هەرچۆنێک بێت، ئەگەر داواکارییەک ئەنجام درا بۆ هەڵسەنگاندنی منداڵەکەت لەکاتی ئەو ماوەیەی کە منداڵەکەت ڕووبەڕووی پێوەرە ڕێککارییەکان دەبێتەوە، هەڵسەنگاندنەکە پێویستە بەشێوەیەی پێشخراو ئەنجام بدرێت .تا ئەو کاتەی هەڵسەنگاندنەکە تەواو دەبێت، منداڵەکەت لەو شوێنە پەروەردەییە دەمێنێتەوە کە لەلایەن بەرپرسانی قوتابخانە بۆی دانراوە، کە لەوانەیە هەڵپەساردن یان فەسڵکردنی بەبێ خزمەتگوزارییە پەروەردەییەکان لەخۆ بگرێت .ئەگەر منداڵەکەت یەکلایی بوویەوە کە منداڵی خاوەن کەمئەندامییە، بە ڕەچاوکردنی ئەو زانیارییەی کە لەو هەڵسەنگاندنە وەرگیراوە کە لەلایەن قوتابخانە ئەنجام دراوە و ئەو زانیارییەی تۆ دابینت کردووە، قوتابخانە پێویستە پەروەردەی تایبەت و خزمەتگوزارییە پەیوەندیدارەکان بەپێی IDEA بەشی B دابین بکات، لەناویاندا داواکارییەکانی ڕێککاری کە لەسەرەوە باس کراوە.

### ڕەوانەکردن بۆ یان ڕێکار لەلایەن بەرپرسانی جێبەجێکردنی یاسا و دادوەریی

IDEAبەشی B:

- ڕێگری لە دەزگایەک ناکات کە هەواڵی تاوانێک نەدات کە لەلایەن منداڵێکی خاوەن کەمئەندامییەوە ئەنجام درابێت بە بەرپرسانی شیاو؛ یان
- ڕێگری لە بەرپرسانی جێبەجێکردنی یاسا و دادوەریی تێکساس ناکات کە بەرپرسیارێتی خۆیان بگرنە بەر بەگوێرەی کارپێکردنی یاسای فیدراڵی و ویلایەت بۆ ئەو تاوانانەی لەلایەن منداڵانی خاوەن کەمئەندامی ئەنجام دراون.

### گواستنەوەی تۆمارەکان

ئەگەر قوتابخانە هەواڵی ئەنجامدرانی تاوانێکی لەلایەن منداڵێکی خاوەن کەمئەندامییەوە دا، قوتابخانە:

- پێویستە دڵنیا بێتەوە کە کۆپییەکانی تۆمارەکانی پەروەردەی تایبەتی منداڵەکە و ڕێککاری بۆ ڕەچاوکردن دەگوازرێنەوە لەلایەن ئەو دەسەڵاتانەی کە دەزگایەکە هەواڵیی تاوانەکەیان بۆ دەنێرێت؛ و
- دەکرێ کۆپیی تۆمارەکانی پەروەردەی تایبەت و ڕێککاری منداڵەکە تەنها تا ئەو ڕادەیە بێت کە لەلایەن یاسای مافە پەروەردەییەکانی خێزان و تایبەتمەندی (FERPA) ڕێگەی پێ دراوە.

## نهێنی بوونی زانیاری

بەو شێوەیەی کە لەم بەشەدا باس کراوە:

**لەناوبردن** واتە لەناوبردنی بەرجەستە یان سڕینەوەی ناسێنەرەوە تاکەکەسییەکان لە زانیارییەکان بۆ ئەوەی زانیارییەکە چیتر لە ڕووی تاکەکەسییەوە شیاوی ناسینەوە نەبێت.

بەرپرسی دانیشتنەکە، یان تاوەکو کاتی بەسەرچوونی ماوەی دوورخستنەوەکە بەو شێوەی کە دابین کراوە و لە بەشی دەسەڵاتی دەستەی قوتابخانە باس کراوە، بۆ هەرکامێکیان پێشتر ڕوو بدات.

## پاراستنەکان بۆ ئەو منداڵانەی هێشتا شایستە نین بۆ پەروەردەی تایبەت و خزمەتگوزارییە پەیوەندیدارەکان

### گشتی

ئەگەر منداڵەکەت هێشتا یەکلایی نەبۆتەوە کە شایستەیە بۆ پەروەردەی تایبەت و خزمەتگوزارییە پەیوەندیدارەکان و ڕێسای ڕەفتاری قوتابی پێشێل کرد، بەڵام قوتابخانەکە زانیاری هەبوو (وەک لە خوارەوە دیاری کراوە) کە پێش ڕوودانی ئەو هەڵسوکەوتەی کە ڕێکاری تەمێکاری هێناوەتە کایەوە منداڵەکەت خاوەن کەمئەندامێتی بووە، ئەوا منداڵەکەت دەکرێ بانگەشەی هەر پاراستنێک بکات کە لەم ڕاگەیاندنەدا باس کراوە.

### بنەمای زانیاری بۆ مەسەلەکانی ڕێککاری

قوتابخانە وادادەنرێت کە زانیاری هەیە لەبارەی ئەوەی کە منداڵەکەت خاوەن کەمئەندامێتییە ئەگەر، ئەگەر پێش ڕوودانی ئەو هەڵسوکەوتەی کە ڕێکاری تەمێکاری هێناوەتە کایەوە:

- تۆ نیگەرانی خۆت بە نووسین بۆ دەستەی سەرپەرشتیار یان کارگێڕی دەزگای پەروەردەیی دروست دەربڕیبێت، یان بۆ مامۆستای منداڵەکەت کە منداڵەکەت پێویستی بە پەروەردەی تایبەت و خزمەتگوزارییە پەیوەندیدارەکانە؛
- تۆ داوای هەڵسەنگاندنێکت کردبێت پەیوەست بە شایستەبوون بۆ پەروەردەی تایبەت و خزمەتگوزارییە پەیوەندیدارەکان بەپێی IDEAبەشیB ؛ یان
- مامۆستای منداڵەکەت یان دەستەی قوتابخانەی تر نیگەرانی تایبەتی خۆیان دەربڕیبێت لەبارەی نموونەیەک لەو هەڵسوکەوتەی کە منداڵەکەت نواندوویەتی ڕاستەوخۆ لای بەڕێوەبەری قوتابخانەی پەروەردەی تایبەت یان لای دەستەی سەرپەرشتیاریی قوتابخانە.

*حاڵەتی بەدەر* - قوتابخانە وادانانرێت کە ئەم زانیارییەی هەیە ئەگەر:

- تۆ ڕێگەت بە هەڵسەنگاندنی منداڵەکەت نەدابێت یان خزمەتگوزاریی پەروەردەی تایبەتت ڕەت کردبێتەوە؛ یان
- منداڵەکەت هەڵسەنگاندنی بۆ کرا بێت و بڕیاری لەسەر درا بێت کە منداڵی خاوەن کەمئەندامی نییە بەپێی IDEA بەشی B.

### ئەو مەرجانەی کە کاریان پێ دەکرێت ئەگەر هیچ بنەمایەکی زانیاری نەبوو

ئەگەر بەر لەر گرتنەبەر ڕێکاری تەمێکاری بەرامبەر منداڵەکەت، قوتابخانە زانیاری نەبێت لەبارەی ئەوەی کە منداڵەکەت خاوەن کەمئەندامییە وەک ئەوەی لەسەرەوە لە بنەمای زانیاری بۆ مەسەلەکانی ڕێککاری و حاڵەتی بەدەر باس کراوە، منداڵەکەت دەکرێ ڕووبەڕووی پێوەرە ڕێککارییەکان بێتەوە کە جێبەجێ دەکرێن بەسەر

تۆ مافی ئەوەت هەیە داوای دەستکەوتنی لیستی جۆر و شوێنەکانی ئەو تۆمارانەی خوێندن بکەیت کە کۆکراونەتەوە، هەڵگیراون، یان بەکار دەهێنرێن لەلایەن قوتابخانەوە.

### ڕەزامەندی بۆ ئاشکراکردنی زانیاریی ناسراوە لە ڕووی تاکەکەسییەوە

مەگەر ئەوەی کە ئەو زانیارییەی کە لە تۆمارەکانی پەروەردەدا هەیە، و ئاشکراکردنی بەبێ ڕەزامەندی دایکان و باوکان بەپێی FERPA ڕێپێدراو بێت، ئەگەرنا ڕەزامەندی تۆ پێوست دەبێت پێش ئاشکراکردنی زانیاریی ناسراوە لەڕووی تاکەکەسییەوە بۆ لایەنی تری جگە لە بەرپرسانی دەزگا بەشدارەکان .ڕەزامەندیی تۆ پێویست ناکات پێش ئەوەی زانیاریی ناسراوە لە ڕووی تاکەکەسییەوە بۆ دەزگا بەشدارەکان ئاشکرا بکرێت بۆ مەبەستەکانی هێنانەدی داوکاریی IDEA بەشی.B

ڕەزامەندیی تۆ، یان ڕەزامەندی منداڵێکی شایستە کە گەیشتووەتە تەمەنی پێگەیشتن بەپێی یاسای ویلایەت، پێویستە بەدەست بهێنرێت پێش ئاشکراکردنی زانیاریی ناسراوە لەڕووی تاکەکەسییەوە بۆ بەرپرسانی دەزگا بەشداربووەکان کە خزمەتگوزارییەکانی گواستنەوە دابین دەکەن یان تێچووی دەدەن.

ئەگەر منداڵەکەت ناونووس کرابوو، یان بەنیازە ناونووس بکرێت، لە قوتابخانەیەکی ئەهلی کە ناکەوێتە هەمان ناوچەی قوتابخانەکە کە تۆ لێی نیشتەجێیت، ڕەزامەندیی تۆ پێویستە بەدەست بهێنرێت پێش ئەوەی هەر زانیارییەکی ناسراوە لەڕووی تاکەکەسییەوە لەبارەی منداڵەکەت ئاشکرا بکرێت لەنێوان بەرپرسانی بەڕێوەبەرایەتیی پەروەدەی ئەو شوێنەی کە قوتابخانە ئەهلییەکەی لێیە و بەرپرسانی بەڕێوەبەرایەتیی پەروەردەی ئەو شوێنەی تۆ لێی دەژیت.

قوتابخانە پێویستە تۆمارێکی هەموو کەسەکان هەڵبگرێت، جگە لە تۆ و بەرپرسانی ڕێپێدراوی قوتابخانە، کە سەیری تۆمارەکانی پەروەردەی تایبەتی منداڵەکەت دەکەنەوە، مەگەر ئەوەی کە تۆ ڕەزامەندی بدەی لەسەر ئاشکراکردن .ئەم تۆمارە پێویستە ناوی کەسەکە، ڕێکەوتی دەست پێگەیشتن، و مەبەستی کەسی ڕێپێدراو لە بەکارهێنانی تۆمارەکان.

بەرپرسێکی قوتابخانە پێویستە بەرپرسیاریەتی لە ئەستۆ بگرێت بۆ دڵنیابوونەوە لە نهێنی بوونی هەر زانیارییەکی ناسراوە لە ڕووی تاکەکەسییەوە .هەموو ئەو کەسانەی کە زانیاریی ناسراوە لە ڕووی تاکەکەسییەوە کۆ دەکەنەوە یان بەکاری دەهێنن پێویستە ڕاهێنان یان ڕێنمایی وەربگرن لەبارەی سیاسەت و ڕێکارەکانی دەوڵەت لەبارەی نهێنی بوون بەپێی IDEA و .FERPA هەر قوتابخانەیەک پێویستە، بۆ ئاگاداریی گشتی، لیستی ئێستای ناو و پۆستی ئەو کارمەندانەی ناو قوتابخانە هەڵبگرێت کە دەکرێ دەستیان بگات بە زانیاریی ناسراوە لەڕووی تاکەکەسییەوە.

**تۆمارە پەروەردەییەکان واتە** ئەو جۆرە تۆمارانەی کە پێناسەی *تۆمارە پەروەردەییەکان* دەیانگرێتەوە بەو شێوەی باس کراوە لە بەشی 34 CFR (99ڕێساکانی جێبەجێکردنی یاسایی پەروەردەیی خێزان و تایبەتمەندی (FERPA) ساڵی1974 ، ) 20 U.S.C. 1232g.

**دەزگای بەشداربوو** واتە هەر بەڕێوەبەرایەتییەکی پەروەردەی ناوچەی قوتابخانە، دەزگا، یان دامەزراوەیەک کە زانیاریی ناسراوە لە ڕووی تاکەکەسییەوە کۆ بکاتەوە، بهێڵێتەوە، یان بەکاری بهێنێت، یان کە زانیاری لێ وەربگیرێت، بەپێی IDEA بەشی.B

**زانیاری ناسراوە لەڕووی تاکەکەسییەوە ئەمانە** دەگرێتەوە :ناوی منداڵەکەت، ناوی تۆ وەک باوک یان دایک، یان ناوی ئەندامێکی تری خێزان؛ ناونیشانی منداڵەکەت؛ ناسەرەوەی تاکەکەسی وەک ژمارەی ئاسایشی کۆمەڵایەتی منداڵەکەت؛ یان لیستێکی تایبەتمەندییە تاکەکەسییەکان یان زانیاری تر کە لەوانەیە وابکات منداڵەکەت بەدڵنیاییەکی شیاوەوە بناسێنێت.

تۆ مافی ئەوەت هەیە کە بە تەواوی تۆماری پەروەردەی منداڵەکەتدا بچیتەوە لەناویدا ئەو بەشانەی کە پەیوەندییان بە پەروەردەی تایبەتەوە هەیە .قوتابخانە لەوانەیە گریمانەی ئەوە بکات کە تۆ دەسەڵاتت هەیە ئەو تۆمارانە بپشکنی و سەیریان بکەیەوە کە پەیوەندییان بە منداڵەکەتەوە هەیە مەگەر ئەوەی کە ڕاپسپێردرێت کە تۆ بەپێی یاسای کارپێکراوی ویلایەت دەسەڵاتت نییە بۆ بەڕێوەبردنی ئەم مەسەلانە وەک سەرپەرشتیاریی، جیابوونەوە، و تەڵاق .تۆ هەروەها دەتوانیت مۆڵەت بدەیتە کەسێکی تر تا بە تۆماری منداڵەکەتدا بچێتەوە .کاتێک تۆ داوای سەیرکردنەوەی تۆمارەکان دەکەیت، قوتابخانە پێویستە بەردەستیان بکات بێت بەبێ دواخستنی ناپێویست و پێش هەر کۆبوونەوەیەک لەبارەیIEP ی منداڵەکەت، پێش هەر دانیشتنێکی مامەڵەی دادپەروەرانە یان کۆبوونێکی یەکلاییکردنەوە، و بەهیچ شێوەیەک نابێت لەماوەی ٤٥ ڕۆژی ڕۆژژمێری لەدوای ڕێکەوتی داواکارییەکە زیاتر بێت.

### ڕوونکردنەوە، کۆپییەکان، و کرێیەکان

ئەگەر تۆ داوا بکەی، قوتابخانە پێویستە تۆمارەکان ڕوون بکاتەوە و ڕاڤەیان بۆ بکات، بەشێوەیەکی ماقوڵ .قوتابخانە پێویستە کۆپی بە تۆ بدات ئەگەر ئەمە تاکە ڕێگا بوو کە تۆ بتوانی تۆمارەکان بپشکنی و پێیاندا بچیەوە .قوتابخانە ناکرێ کرێی گەڕان یان گەڕاندنەوەی هیچ تۆمارێکی پەروەردەیی لەبارەی منداڵەکت بگۆڕێت .هەرچۆنێک بێت، لەوانەیە کرێیەکی لەبەرگرتنەوە دەستکاری بکات ئەگەر کرێیەکە ڕێگر نەبوو لەوەی تۆ بتوانی تۆمارەکان بپشکنی و پێیاندا بچیەوە.

### زانیاری لەبارەی زیاتر لە منداڵێک

ئەگەر هەر تۆمارێکی پەروەردە زانیاری لەبارەی زیاتر لە منداڵێک لەخۆ گرت،تۆ مافی ئەوەت هەیە تەنها ئەو زانیارییە بپشکنی و پێی دابچییەوە کە پەیوەندی بە منداڵەکەتەوە هەیە یان لەبارەی ئەو زانیارییە دیاریکراوەوەت پێ بدرێت.

لەناویاندا :وەسفی ئەوەی تا چ ڕادەیەک ئاگاداری بە زمانی ڕەسەنی کۆمەڵی جیاوازی خەڵک لە ویلایەتەکە دەدرێت؛ وەسفی ئەو منداڵانەی کە زانیاریی ناسراوە لە ڕووی تاکەکەسییەوە دەپارێزرێت، جۆرەکانی زانیاری داواکراو، ڕێگا بەکارهاتووەکان لە کۆکردنەوەی زانیاری، لەوانەش ئەو سەرچاوانەی کە زانیارییان لێ وەرگیراوە، و زانیارییەکان بۆ چی بەکار دەهێنرێن؛ پوختەی سیاسەت و ڕێکارەکان کە دەزگا بەشداربووەکان پێویستە پابەندی بن بۆ هەڵگرتن، ئاشکراکردنی بۆ لایەنی سێیەم، هێشتنەوە، و لەناوبردنی زانیاریی ناسراوە لەڕووی تاکەکەسییەوە؛ و وەسفی هەموو مافەکانی باوکان و دایکان و منداڵەکان پەیوەست بەم زانیارییەوە، لەوانەش مافەکان بەپێی FERPAو جێبەجێکردنی ڕێساکان لە 34 CFR بەشی.99

## دانانی شوێنی خۆویستانە لە قوتابخانەی ئەهلی لەلایەن باوک و دایکانەوە

تۆ مافی تایبەت هەیە کاتێک تۆ خۆویستانە منداڵەکە لە قوتابخانەی ئەهلی دابنێیت IDEA .لەسەر قوتابخانەی گشتی پێویست ناکات کە تێچووی خوێندنەکە بدات، لەوانەش پەروەردەی تایبەت و خزمەتگوزارییە پەیوەندیدارەکان، بۆ منداڵی خاوەن کەمئەندامی لە قوتابخانە یان دامەزراوەیەکی ئەهلی ئەگەر قوتابخانەی گشتی کەFAPE ی دابین بکات بۆ منداڵەکەت و تۆ بڕیار دەدەی منداڵەکە لە قوتابخانە یان دامەزراوەی گشتی دابنێیت .هەرچۆنێک بێت، قوتابخانەی گشتی کە قوتابخانە ئەهلیەکەی لێیە پێویستە منداڵەکەت لەو کەسانە وەربگرێت کە پێویستییەکانیان خراوەتە ڕوو بەپێی فەراهەمکردنەکانی IDEA لەبارەی ئەو منداڵانەی کە لەلایەن باوک و دایکیانەوە لە قوتابخانەی ئەهلی دانراون.

### مەرجەکانی دانانی تاکلایەنەی منداڵان لەلایەن باوک و دایکانەوە لە قوتابخانە ئەهلییەکان لەسەر تێچووی گشتی

تۆ مافی تایبەتیت هەیە کاتێک منداڵەکەت لە قوتابخانەی ئەهلی دادەنێیت چونکە ڕازی نیت بە قوتابخانەی گشتی لەبارەی بەردەستبوونی بەرنامەیەک کە بۆ منداڵەکەت شیاوە.

ئەگەر منداڵەکەت پێشتر پەروەردەی تایبەت و خزمەتگوزارییە پەیوەندیدارەکانی وەرگرتبوو لەژێر دەسەڵاتی قوتابخانەیەکی گشتی و تۆ بڕیار دەدەی کە منداڵەکەت لە باخچەی ساوایانی، قوتابخانەی سەرەتایی، یان ناوەندیی ئەهلی ناونووس بکەیت بەبێ ڕەزامەندیی یان ڕەوانەکردن لەلایەن قوتابخانەی گشتی، دادگا، یان بەرپرسی دانیشتن لەوانەیە داوا لە قوتابخانە گشتییەکە بکە کە تێچووی ئەو ناونووسکردنەت بۆ قەرەبوو بکاتەوە ئەگەر دادگا یان بەرپرسی دانیشتن بزانێت کە ئەو قوتابخانە گشتییەFAPE ی بۆ منداڵەکەت بەردەست نەکردووە بەشێوەیەکی کاتی گونجاو بەر لەو ناونووسکردنە و ئەو دانانی شوێنە ئەهلییە شیاوە .بەرپرسی دانیشتن یان دادگا لەوانەیە کە دانانی شوێنەکەت بە شیاو دابنێت تەنانەت ئەگەر دانانی شوێنەکە

### هەمووارکردنەوەی تۆمارەکان

ئەگەر تۆ باوەڕت وایە کە تۆمارەکانی پەروەردەی منداڵەکەت نادروستە، سەرلێتێکدەرە، یان مافەکانی منداڵەکەت پێشێل دەکات، تۆ دەکرێ داوای لە قوتابخانە بکەیت کە زانیارییەکان هەموار بکاتەوە .لە ماوەی کاتێکی شیاودا، قوتابخانە پێویستە بڕیار بدات ئاخۆ زانیارییەکان هەموار دەکاتەوە یان نا . ئەگەر قوتابخانە ڕەتی کردەوە کە زانیارییەکان هەموار بکاتەوە بەو شێوەی داواکراوە، پێویستە لەبارەی ڕەتکردنەوەی ئاگادارت بکاتەوە و مافی خۆتت پێ بڵێ بۆ دانیشتنێک بۆ بەرهەڵستیکردنی ئەو زانیارییەی لە تۆمارەکاندا هەیە .ئەم جۆرەی دانیشتنە دانیشتنێکی خۆجێییە بەپێی FERPA و دانیشتنێکی مامەڵەی دادپەروەرانەی IDEA نییە لەبەردەم بەرپرسێکی دانیشتنی بێلایەن دەبەسترێت.

ئەگەر، لە ئەنجامی دانیشتنەکە، قوتابخانە بڕیار بدات کە زانیارییەکە نادروستە، سەرلێتێکدەر، یان بە شێوەیەک پێشێلکردنی تایبەتمەندیی یان مافەکانی منداڵەکەتن، ئەوا پێویستە زانیارییەکان بگۆڕێت و بە نووسین ئاگادارت بکاتەوە .ئەگەر، لە ئەنجامی دانیشتنەکەدا، قوتابخانە بڕیاری دا کە زانیارییەکە نادروستە، سەرلێتێکدەر، یان بە شێوەیەک پێشێلکردنی تایبەتمەندیی یان مافەکانی منداڵەکەتن، تۆ پێویستە لەبارەی مافی خۆت پێ بگوترێت زیادکردنی لێدوانێک کە سەرنج بدات لەسەر زانیارییەکانی ناو تۆماری منداڵەکەت ئەگەر تۆمارەکە یان بەشی جیاکۆک لەلایەن قوتابخانەوە بپارێزرێن.

ئەگەر تۆ بە نووسین ڕەزامەندیی خۆت هەڵوەشاندەوە بۆ ئەوەی منداڵەکەت پەروەردەی تایبەت و خزمەتگوزارییە پەیوەندیدارەکانی پێ بگات دوای ئەوەی قوتابخانە بەشێوەی سەرەتایی خزمەتگوزارییەکانی بۆ منداڵەکەت دابین کرد، قوتابخانەکە پێویست ناکات کە تۆمارەکانی خوێندنی منداڵەکەت هەموار بکاتەوە بە مەبەستی سڕینەوەی هەر ئاماژەیەک بۆ وەرگرتنی پێشووی پەروەردەی تایبەت و خزمەتگوزارییە پەیوەندیدارەکان لەلایەن منداڵەکەتەوە . هەرچۆنێک بێت، تۆ هێشتا مافی ئەوەت هەیە داوا لە قوتابخانە بکەین کە تۆمارەکانی منداڵەکەت هەموار بکاتەوە ئەگەر باوەڕت وایە کە تۆمارەکان نادروست، سەرلێتێکدەرن، یان پێشێلی مافەکانی منداڵەکەت دەکەن.

### پاراستنەکان و لەناوبردنەکان

قوتابخانە پێویستە پارێزگاری لە نهێنی بوونی تۆمارەکانی منداڵەکەت بکات لە قۆناغەکانی کۆکردنەوە، هەڵگرتن، ئاشکراکردن، و لەناوبردن .*لەناوبردن* واتە لەناوبردنی بەرجەستە یان سڕینەوەی ناسێنەرەوە تاکەکەسییەکان لە زانیارییەکان بۆ ئەوەی زانیارییەکە چیتر لە ڕووی تاکەکەسییەوە شیاوی ناسینەوە نەبێت .قوتابخانە پێویستە پێت بڵێت کە کەی تۆمارەکانی زانیاریی منداڵەکەت چیتر پێویست نابن بۆ دابینکردنی خزمەتگوزارییە پەروەردەییەکان بۆ منداڵەکەت .زانیارییەکان پێویستە لەسەر داواکاری خۆت لەناو ببرێن جگە لە ناو، ناونیشان، ژمارەی تەلەفۆن، نمرەکان، تۆماری ئامادەبوون، ئەو وانانی تێیدا ئامادە بووە، ئاستی تەمەنی خۆی کە تەواوی کردووە، و ئەو ساڵەی کە تەواوی کردووە.

### ئاگاداری بۆ باوک و دایکان

TEAئاگاداری تەواو دەدات بۆ زانیاریدانی تەواو بە باوک و دایکان لەبارەی نهێنی بوونی زانیاریی ناسراوە لە ڕووی تاکەکەسییەوە،

قوتابییە پێگەیشتووەکە یان قوتابخانە یان مەگەر قوتابییە پێگەیشتووەکەت مافی ئەوەت پێ بدات لە ڕێککەوتنی بڕیاردانی پاڵپشتیکراو.

## بەخێوکەری دانراو لەلایەن دادگاوە بۆ قوتابیی گەورەساڵ

ئەگەر دادگا بۆ تۆ یان کەسێکی تر کەسێکی وەک بەخێوکەری یاسایی قوتابی گەورەساڵ دیاری کردبوو، مافەکان بەپێی IDEA ناگوازرێنەوە بۆ قوتابییە پێگەیشتووەکە .بەخێوکەری دانراوی یاسایی مافەکان وەردەگرێت.

## منداڵی پێگەیشتووی زیندانیکراو

ئەگەر منداڵێکی پێگەیشتوو زیندانی کرابێت، هەموو مافەکانی IDEA بۆ منداڵە پێگەیشتووەکە دەگوازرێنەوە لە تەمەنی ١٨ ساڵیدا .تۆ مافی ئەوەت نامێنێت کە ئاگاداریی نووسراوی پێشوەختت پێ بگات لەبارەی پەروەردەی تایبەتەوە.

## منداڵانی پێگەیشتووی پێش تەمەنی ١٨ ساڵی

هەندێ بارودۆخ هەیە کە لە بەشی 31 لە ڕێسای خێزانی تێکساسدا باس کراون کە دەبنە هۆی ئەوەی منداڵ ببێتە کەسێکی پێگەیشتوو پێش تەمەنی ١٨ ساڵی .ئەگەر منداڵەکەت بە منداڵێکی پێگەیشتوو دادەنرێت لەژێر ئەم بەشە، مافەکان بەپێی IDEA بۆ منداڵەکەت دەگوازرێنەوە ئەوکات.

## جێگرەوەکانی بەخێوکەریی

قوتابخانەی گشتی دەبێت ڕێز لە وەکالەتنامەی دروست یان ڕێککەوتنی بڕیاردانی پاڵپشتیکراو بگرێت کە لەلایەن قوتابیە پێگەیشتووەکەت ئەنجام دراوە.

## ئاگاداریی و زانیارییە پێویستەکان

لە یان پێش ١٧یەمین ساڵیادی لەدایکبوونی منداڵەکەت، قوتابخانەی گشتی پێویستە ئاگاداریی نووسراو بە خۆت و منداڵەکەت بدات بە باسکردنی گواستنەوەی مافەکانی باوک و دایکایەتی و زانیاری تێدابێت لەبارەی بەخێوکەریی و جێگرەوەکانی بەخێوکەریی، لەوانەش ڕێککەوتنی بڕیاردانی پاڵپشتیکراو، و پاڵپشتی و خزمەتگوزارییەکانی تر کە لەوانەیە یارمەتی منداڵەکەت بدەت تا بەسەربەخۆیی بژیتIEP .ی منداڵەکەت هەروەها پێویستە ئەوە ڕابگەیەنێت کە قوتابخانەی گشتی ئەم زانیارییەی دابین کردووە.

لە ١٨یەمین ساڵیادی لەدایکبوونی منداڵەکەت، قوتابخانەی گشتی پێویستە ئاگاداریی نووسراو بە خۆت و منداڵەکەت بدات کە مافەکان بۆ قوتابییە پێگەیشتووەکە گواستراونەتەوە .ئەم ئاگادارییە نووسراوە پێویستە زانیاری و سەرچاوەکانی لەبارەی بەخێوکەریی و جێگرەوەکانی بەخێوکەریی تێدا بێت، لەوانەش ڕێککەوتنی بڕیاردانی پاڵپشتیکراو، و پاڵشتی و خزمەتگوزارییەکانی تر کە لەوانەیە یارمەتی منداڵەکە بدەن بۆ ژیان بەسەربەخۆیی .ئەم ئاگادارییە نووسراوە پێویستە زانیاریی پەیوەندیکردنی تێدا بێت تا لە گەڕان بەدوای زانیاریی زیاتردا بەکار بهێنرێت.

پێوەرەکانی ویلایەتی تێدا نەبوو کە بەسەر پەروەردەی دابینکراو لەلایەن TEA و قوتابخانەکاندا جێبەجێ دەکرێت.

## مەرجی قەرەبووکردنەوە

تێچوونی قەرەبووکردنەوە کە لە بڕگەی پێشوودا باس کرا دەکرێ کەم بکرێتەوە یان نکۆڵی بکرێت ئەگەر :لە دوایین کۆبوونەوەیARD دا کە تۆ ئامادەی بوویتە بەر لە دوورخستنەوەی منداڵەکەت لە قوتابخانەی گشتی، بە لیژنەی ARD ڕانەگەیەنیت کە تۆ ئەو شوێن دانانە ڕەت دەکەیەوە کە لەلایەن قوتابخانەی گشتی پێشنیار کراوە بۆ دابینکردنی FAPE بۆ منداڵەکەت، لەناویاندا دەربڕینی نیگەرانیەکانت و نیازت بۆ ناونووسکردنی منداڵەکە لە قوتابخانەی ئەهلی لەسەر تێچووی گشتی؛ یان لەماوەی بەلایەنی کەمەوە ١٠ ڕۆژی کاردا، بە هەر پشوویەکیشتەوە کە دەکەوێتە ڕۆژی کارەکە، پێش لابردنی منداڵەکەت لەلایەن خۆت لە قوتابخانەی گشتی، تۆ ئاگاداریی نووسراو بە قوتابخانەی گشتی نەدەیت لەبارەی ئەو زانیارییەوە؛ یان، پێش دوورخستنەوەی خۆت بۆ منداڵەکەت لە قوتابخانەی گشتی، قوتابخانە گشتییەکە ئاگاداریی نووسراوی پێشوەختت پێ بدات لەبارەی نیازەکانی بۆ هەڵسەنگاندنی منداڵەکەت، لەوانەش ڕاگەیاندنی مەبەستی هەڵسەنگاندنێک کە شیاو و بەجێیە بۆ منداڵەکەت، بەڵام تۆ منداڵەکەت بۆ هەڵسەنگاندن نەبەیت؛ یان دادگا وای ببینێت کە ڕێکارەکانی گونجاو نین.

هەرچۆنێک بێت، تێچوونی قەرەبووکردنەوە نابێت کەم بکرێتەوە یان نکۆڵی بکرێت بەهۆی شکست هێنان لە پێدانی ئاگاداری ئەگەر :قوتابخانەی گشتی ڕێگر بوو لەوەی تۆ ئاگاداریی بدەی؛ تۆ ئاگاداریت پێ نەگەیشتبێ لەبارەی بەرپرسیارێتی تۆ بۆ پێدانی ئەو ئاگادارییەی کە باس کرا؛ یان پابەندبوون بە مەرجەکانی پێشوو پێدەچێت ببێتە هۆی گەیاندنی زیانی جەستەیی بە منداڵەکەت .لەسەر بڕیاری دادگا یان بەرپرسی دانیشتن، تێچوونی قەرەبووکردنەوە لەوانە نییە کەم بکرێتەوە یان نکۆڵی بکرێت بەهۆی شکست هێنان لە پێدانی ئاگاداریی داواکراو ئەگەر تۆ خوێندەوار نەبیت یان نەتوانیت بە ئینگلیزی بنووسیت، یان پابەندبوون بە مەرجی پێشوو پێدەچێت ببێتە هۆی زیان گەیاندنی سۆزیی سەخت بە منداڵەکەت.

## گواستنەوەی مافەکانی باوک و دایکایەتی

هەموو مافەکانی باوک و دایکایەتی بەپێی IDEA بۆ منداڵەکە دەگوازرێنەوە کاتێک منداڵەکە دەگاتە تەمەنی پێگەیشتن .تەمەنی پێگەیشتن بەپێی یاسای تێکساس ١٨ ساڵە .بۆ زۆربەی منداڵان، هەموو مافەکانی باوک و دایکایەتی کە لەم بەڵگەنامەیەدا باس کراون بۆ منداڵەکە دەگوازرێنەوە لە تەمەنی ١٨ ساڵیدا .کە مافەکانی باوک و دایکان بۆ قوتابی پێگەیشتوو گوازرایەوە، ئەو مافی ئەوەی هەیە بڕیارە پەروەردەییەکان بدات، هەرچەندە قوتابخانەی گشتی پێویستە ئاگاداری لەبارەی کۆبوونەوەکانی لیژنەی ARD و ئاگاداریی نووسراوی پێشوەخت بۆ تۆ دابین بکات .تۆ، هەرچۆنێک بێت، لەوانە نییە ئامادەی کۆبوونەوەکان بیت مەگەر ئەوەی کە بەتایبەتی بانگهێشت بکرێیت لەلایەن

## ئاسانکاری و بەرنامەی پەروەردەیی دەوڵەت IEP

بەپێی داواکاری یاسای ویلایەت، ئاژانسی پەروەردەیی تێکساس پرۆژەیەکی ئاسانکاری و پارمەتی پەروەردەیی ویلایەتی دامەزراندوە بۆ ئەوەی فەراهەمی پارمەتی بکات بۆ راهێنەرانی پارمەتی پەروەردەیی ویلایەتی تاوەکو کۆبوونەوەی لێژنەلێژنەیARD بۆ ئەو لایەنانە رێکخات کە ناکۆکن سەبارەت بەو بریارانەی پەیوستن بە فەراهەمکردنی پەروەردەی گشتی خۆرایی و شیاو بۆ منداڵانی خاوەن پێداویستی تایبەت. ئەو مەرجانەی کە دەبێت جێ بەجێ بکرێن بۆ ئاژانسی پەروەردەیی تەکساس بۆ دابینکردنی راهێنەری سەربەخۆ ئەمانەی لای خوارەوەن:

- دەبێت فۆرمی داواکاری پربکرێتەوە و واژۆ بکرێت لەلایەن تۆ و قوتابخانەکەوە .ئەم فۆرمە بە ئینگلیزی و ئیسپانی بە ئۆنلاین بەردەستە لە لینکی ئاسانکاری پرۆگرامی پەروەردەیی تاککراوە : هەروەها بەپێی داواکاری لەلایەن ئاژانسی پەروەردەیی تێکساس بەردەستە.
- دەبێت ناکۆیەکە بگەیەنرێتە کۆبوونەوەی لێژنەی ARD کەتیایدا رێکەوتنی هاوبەش سەبارەت بە یەکێک یاخود زیاتر لە رەگەزە داواکراوەکانی بەرنامەی پەروەردەیی تاککراو IEP بەدەست نەهێنرا و لێژنەی ARD رازیبوو بە دواخستن و سەرلەنوێ کۆبوونەوە.
- TEAدەبێت فۆرمی پرکراوەپێشکەش کردبێت لەماوەی دە رۆژدا لە کۆبوونەوەی لێژنەی ARD کە بە نەگەیشتن بەرێکەوتن کۆتایی هات و راهێنەرێک دەبێت لەو رۆژەی دانراوە بۆ سەرلەنوێ کۆبوونەوە ئامادەبێت.
- 
- تۆ و قوتابخانەکە نابێت بەشداریان کردبێت لە ئاسانکاری و هاوکاری ویلایەت پەیوەست بەهەمان منداڵەوە لەهەمان ساڵی خوێندندا کە داواکاریەکە پێشکەشکراوە بۆ ئاسانکاری و بەرنامەی پەروەردەیی ویلایەت.
- بریاری ویلایەت پەیوەست بە پرۆگرامی ئاسانکاری و بەرنامەی پەروەردەیی ویلایەت IEP دەکرێت لێرەدا ببینرێت 19 TAC §89.1197 (لینک: bit.ly/3bCULCL)

## خزمەتگوزاریەکانی نێوەندگیری

دەبێت نێوەندگیری بەردەست بێت بۆ چارەسەرکردنی ناکۆکیەکان پەیوەست بە هەر بابەتێکەوە بەپێی IDEA بەشی B لەناویاندا ئەو بابەتانەی کە بەر لە پێشکەشکردنی سکاڵای داوەری بۆ ماف دێنەپێش .بەمشێوەیە، نێوەندگیری بەردەستە بۆ چارەسەرکردنی ناکۆکیەکان بەپێی IDEA بەشی B جا ئەگەر داواکاری بۆ دانیشتنی سکاڵای داوەریکردن لەسەر مافی یاسایی تاکت پێشکەش کردبێت یان نا

## زانیاریی پەروەردەی تایبەت

ئەگەر تۆ پێویستیت بە زانیاری بوو لەبارەی مەسەلەکانی پەروەردەی تایبەت، تۆ دەتوانیت پەیوەندی بە ناوەندی زانیاریی پەروەردەی تایبەت بکەی بەم ژمارەیە 1855- SPEDTEX (18557733839). ئەگەر تەلەفۆنت کرد بۆ ئەم ژمارەیە و نامەت بەجێهێشت ئەوا کەسێک تەلەفۆنت بۆدەکاتەوە لەماوەی کاژێرەکانی دەوامی ئاساییدا .ئەو کەسانەی کە گوێیان گرانە دەتوانن تەلەفۆن بکەن بۆ SPEDTEX بە بەکارهێنانی.Relay Texas at 7-1-1

## چارەسەرکردنی ناکۆکییەکان

لەوانەیە جاری وا هەبێت کە تۆ بەو رێکارانە رازی نیت کە لەلایەن قوتابخانەوە دەگیرێنە بەر پەیوەست بە پەروەردەی تایبەت و خزمەتگوزارییە پەیوەندیدارەکانی منداڵەکەت .بەدڵنیاییەوە هان دەدرێیت کە لەگەڵ دەستەی قوتابخانە کار بکەیت بۆ چارەسەرکردنی ئەو جیاوازییانە دروست دەبن .تۆ دەکرێ پرسیار لە قوتابخانە بکەیت لەبارەی ئەوەی چ بژاردەیەک بۆ یەکلاییکردنەوەی ناکۆکییەکان پێشکەش بە باوک و دایکان دەکان TEA .چوار بژاردەی فەرمی پێشکەش دەکات بۆ یەکلاکردنەوەی ناکۆکییەکانی پەروەردەی تایبەت :ئاسانکاریی TEA ی ویلایەت، خزمەتگوزارییەکانی نێوەندگیری، پرۆسەی یەکلاکردنەوەی سکاڵای پەروەردەی تایبەت، و بەرنامەی دانیشتنی مامڵەی دادپەروەرانە.

### جیاوازییەکان لەنێوان رێوشوێنەکانی سکاڵا و دانیشتنەکانی مامڵەی دادپەروەرانە و سکاڵاکانی پەروەردەی تایبەت.

رێسا فیدراڵییەکانی پەروەردەی تایبەت رێوشوێنی جیا دادەنێن بۆ سکاڵاکانی پەروەردەی تایبەت و بۆ سکاڵا و دانیشتنەکانی مامڵەی دادپەروەرانە .وەک لەسەرەوە روون کرایەوە، هەر کەسێک یان رێکخراوێک، بەوانەی دەرەوەی ویلایەتیشەوە، دەکرێ سکاڵای پەروەردەی تایبەت پێشکەش بکەن بە بانگەشەی پێشێلکردنی هەر مەرجێکی IDEA بەشی B لەلایەن قوتابخانە، TEA، یان هەر دەزگایەکی گشتی ترەوە .تەنها تۆ و قوتابخانەکەت دەتوانن سکاڵای مامڵەی دادپەروەرانە پێشکەش بکەن لەسەر بابەتێکی پەیوەست بە پێشنیار یان رەتکردنەوەی دەستپێکردن یان گۆڕینی ناساندن، هەڵسەنگاندن یان دانانی شوێنی پەروەردەیی بۆ منداڵێکی خاوەن کەمئەندامی، یان دابینکردنی FAPEبۆ منداڵەکە .لەکاتێکدا بەشێوەیەکی گشتی TEA پێویستە سکاڵای پەروەردەی تایبەت یەکلایی بکاتەوە لەماوەی سنورێکی کاتیی ٦٠ رۆژی رۆژژمێریدا، مەگەر ئەوەی کە سنوورە کاتییەکە بەدروستی درێژ بکرێتەوە، بەرپرسێکی دانیشتنی بێلایەنی مامڵەی دادپەروەرانە پێویستە گوێ لە سکاڵای مامڵەی دادپەروەرانە بگرێت (ئەگەر لە رێگای کۆبوونەوەی یەکلایی کردنەوە یان نێوەندگیریکردن چارەسەر نەکرا بوو) و بریارێکی نووسراو دەربکات لەماوەی ٤٥ رۆژی رۆژژمێریدا دوای کۆتاییهاتنی ماوەی یەکلاییکردنەوەکە، بەو شێوەیەی کە لەم بەڵگەنامەیەدا باس کراوە لە بەشی پرۆسەی یەکلاییکردنەوە، مەگەر ئەوەی کە بەرپرسی دانیشتنەکە درێژکردنەوەیەکی دیاریکراو بۆ سنوورەکە کاتییەکە دابنێت لەسەر داواکاریی خۆت یان داواکاریی قوتابخانەکە.

ئەگەر تۆ و قوتابخانەکە لەڕێی پرۆسەی نێوەندگیریەوە چارەسەری ناکۆکیەکتان کرد، هەردوو لایەن دەبێت بچنە ناو ڕێکەوتنێکی یاساییەوە کە چارەسەرەکە دەنوسێتەوە .دەبێت ڕێکەوتنەکە ئەوە ڕاگەیەنێت کە هەموو تاووتوێکان کە لە پرۆسەکەدا ڕوودەدەن لەکاتی پرۆسەی نێوەندگیریەکەدا بە نهێنی دەمێننەوە و نابێت بەکاربهێنرێن وەک بەڵگە لە هەر دانیشتنێکی داوەریکردن لەسەر مافی یاسایی تاکی داهاتوودا یاخود پرۆسەیەکی مەدەنیدا . هەروەها ڕێکەوتنەکە دەبێت لەلایەن تۆ و نوێنەرێکی قوتابخانەی ناوچەکە واژۆ بکرێت کە دەستەڵاتی هەیە قوتابخانەی ناوچەکە پابەند بکات . ڕێکەوتنەکانی نێوەندگیری نوسراو و واژۆکراو پابەندی یاسان و شیاوی جێبەجێ کردنن لە هەر دادگایەکدا کە بەپێی یاسا دەستەڵاتی هەیە بۆ مامەڵکردن لەگەڵ ئەم حاڵەتە یاخود لە دادگای فیدڕاڵی ناوچە.

دەتوانیت زانیاری زیاتر بەدەست بهێنیت سەبارەت بە پرۆسەی نێوەندگیری لەسەر وێبسایتی ئاژانسی پەروەردەیی تێکساس لە نوسینگەی ڕاوێژکاری گشتی، تایبەت بەرنامەی نێوەندگیری (لینک: bit.ly/39yQTjK).

بڕیاری ویلایەت پەیوەست بە پرۆسەی نێوەندگیری پەروەدەی تایبەت دەکرێت لێرەدا سەیر بکرێت 19 TAC§89.1193(لینک: bit.ly/35Dyrp2).

## چارەسەری سکاڵای پەروەردەی تایبەت پرۆسە

بژاردەیەکی دیکە بۆ چارەسەرکردنی ناکۆکی پەروەردەی تایبەت پرۆسەی بڕیاردان سکاڵای پەروەردەی تایبەتی ئاژانسی پەروەردەی تێکساسە .لەم بەڵگەنامەیەدا، زاراوەی *سکاڵای پەروەردەی تایبەت ئاماژەیە بە سکاڵایەکی ویلایەت بەپێی IDEA و ئەو ڕێکارانەی دەیگرێتەبەر* .ئەگەر باوەڕت وایە کە ئاژانسێکی گشتی پێشێلی مەرجێکی پەروەردەی تایبەتی کردوە یاخود ئەگەر باوەڕت وایە کە ئاژانسێکی گشتی بڕیاری دانیشتنی داوەریکردن لەسەر مافی یاسایی تاک جێ بەجێ ناکات، دەتوانیت سکاڵایەکی نوسراو بۆ ئاژانسی پەروەردەی تێکساس بنێریت .هەروەها دەبێت تۆ سکاڵاکەت بنێریت بۆ ئەو شوێنەی کە سکاڵاکەی لێوەکراوە لەهەمان کاتدا سکاڵاکەشت بۆ ئاژانسی پەروەردەی تێکساس دەنێریت .هەر ڕێکخراوێک یاخود تاکێک، بەوانەشەوە لە ویلاتێکی دیکەن، دەتوانن سکاڵای پەروەردەی تایبەت بۆ ئاژانسی پەروەردەی تێکساس بنێرن .کاتی پێشکەشکردنی سکاڵاکە لەڕۆژی کارکردنی داهاتوودا دەست پێدەکات لەپاش ئەو ڕۆژەی کە ئاژانسی پەروەردەی تێکساس سکاڵاکە وەردەگرێت.

ئاژانسی پەروەردەی تێکساس شێوازێکی لە فۆرم پەرەپێداوە تاوەکو یارمەتی دایکان و باوکان و لایەنەکانی دیکە بدات لە پێشکەشکردنی سکاڵای پەروەردەی تایبەتدا .ئەو لایەنەی کە سکاڵای پەروەردەی تایبەت پێشکەش دەکات دەتوانێت شێوازی فۆرمەکەی ویلایەتەکە یاخود هەر بەڵگەنامەیەکی دیکە بەکاربهێنێت بەمەرجێک کە سکاڵاکە هەموو زانیاریەکی داواکراوی تیابێت.

دەبێت سکاڵا نوسراوەکەت وەسفی پێشێلکاریەک بکات کە ڕوویداوە نەک زیاتر لە یەک ساڵ لەپێش ئەو بەروارەی کە سکاڵاکەی تیادا بەدەست گەیشتوە .دەبێت سکاڵاکە ئەم زانیاریانەی تیابێت

وەک ئەوەی کە باسکراوە لە ژێر ناونیشانی ڕێکارەکانی داوەریکردن لەسەر مافی یاسایی تاک .نێوەندگیری سنوردار نیە بۆ ئەو ناکۆکیانەی نێوان دایکوباوکان و قوتابخانەکان پەیوەست بە دیاریکردن و هەڵسەنگاندن یاخود دانانی منداڵەکە لە قوتابخانە یاخود پێدانی پەروەردەی گشتی خۆڕایی و شیاو بەمنداڵەکە.

نێوەندگیری پرۆسەیەکی خۆبەخشانەیە .بەمشێوەیە ئەگەر هەردووک تۆ و قوتابخانە بەشیوەیەکی خۆبەخشانە ڕێدەکەون لەسەر بەشداریکردن لە نێوەندگیریدا، ئاژانسی پەروەردەیی تێکساس ئامادەکاریەکان ڕێکدەخات و تێچووی نێوەندگیریەکە لەئەستۆ دەگرێت .نابێت نێوەندگیریەکە باکاربهێنرێت بۆ دواخستنی دانیشتنی داوەریکردن لەسەر مافی یاسایی تاک یاخود ڕەتکردنەوەی یاخود هەر مافێکی دیکە بەپێی.IDEA

ئاژانسی پەروەردەیی تێکساس خزمەتگوزاری نێوەندگیریکردن پێشکەش دەکات هەر کاتێک دانیشتن بۆ داوەریکردن لەسەر مافی یاسایی تاک داواکرا . بەڵام، دەکرێت داوای خزمەتگوزاری نێوەندگیری بکەیت هەر کاتێک تۆ و قوتابخانەکە ناکۆیکیتان هەبێت سەبارەت بە هەر بابەتێک بەپێی IDEA بەشی B.

ناوەندگیران فەرمانبەری ئاژانسی پەروەردەیی تێکساس نین یاخود قوتابخانەی ناوچەکە کە بەشدرن لە پەروەردەکردن یاخود بایەخدان بە ئەو منداڵە کە پرۆسەی نێوەندگیریەکەی بۆ ئەنجام دەدرێت و نابێت هیچ بەرژەوەندیەکی کەسی یاخود پیشەییان هەبێت کە ناکۆک بێت لەگەڵ بابەتیی بوونیاندا .ئەو کەسەی کە وەک ناوەندگیرێک مافی هەیە فەرمانبەری قوتابخانەی ناوچەیەک یان ئاژانسی پەروەردەیی تێکساس نیە بەتەنها لەبەر ئەوەی کە ئەو پارەی پێ دەدرێت لەلایەن ئاژانسی پەروەردەیی تێکساس بۆ ئەوەی وەک ناوەندگیرێک کار بکات .ناوەندگیران ئەو کەسە پیشەییانەن کە ڕێگەپێدراون و ڕاهێنراون لە چارەسەرکردنی ناکۆکیەکان و کە زانیاریان دەربارەی یاساکانی پەروەردەی تایبەتیان هەیە .ڕۆڵی ناوەندگیر ئەوەیە کە دەبێت بابەتی بێت و لایەنی هیچ کام نەگرێت لەکاتی نێوەندگیریەکەدا .ئامانجی نێوەندگیری ئەوەیە کە یارمەتی تۆ و قوتانخانەکە بدات لە گەیشتن بەڕێکەوتنێک کە هەردووکتان پێی ڕازیبن.

دەکرێت لینکی لیستی ناوەندگیرەکانی ئێستا لە بدۆزیتەوە لە ئۆفیسی ڕاوێژکاری گشتی، پرۆگرامی نێوەندگیری تایبەت (لینک: bit.ly/39yQTjK)

ئەگەر تۆ و قوتابخانەکە ڕێکەتن بۆ نێوەندگیری، دەتوانن ریکەون بۆ بەکارهێنانی ناوەنگیرێکی تایبەت یاخود ناوەنگیرێک بەهەڕەمەکی دیاری دەکرێت .لەهەر حاڵەتێکدا، ناوەندگیرەکە پەیوەندیت پێوە دەکات لەکاتی خۆیدا بۆ دانانی کات بۆ دانیشتنی نێوەندگیریکردن لە شوێنێک و کاتێکی گونجاو بۆ تۆ و قوتابخانەکە.

ئەو تاووتوێیانەی کە دەکرێن لە کاتی پرۆسەی نێوەندگیریەکەدا دەبێت نهێنی بن .نابێت بەکاربهێنرێن وەک بەڵگە لە دانیشتنی داهاتوی داوەریکردن لەسەر مافی یاسایی تاکدا یاخود ڕێکاری مەدەنی هەر دادگایەکی فیدڕاڵی یاخود دادگای ویلاتێک کە بەپێی IDEA بەشی B یارمەتی وەردەگرێت.

پێشکەشکردنی سکاڵایەک مافت لێ ناسەنێت تاوەکو داوای نێوەندگیری یاخود دانیشتنێکی داوەریکردن لەسەر مافی یاسایی تاک بکەیت .ئەگەر سکاڵایەک پێشکەش بکەیت و داوای دانیشتنی داوەریکردن لەسەر مافی یاسایی تاک بکەیت سەبارەت بە هەمان کێشەکان، ئەو کاتە ئاژانسی پەروەردەی تێکساس هەموو کێشەکانی ناو سکاڵاکە وەلاوە دەنێت کە باس دەکرێن لە دانیشتنی داوەریکردن لەسەر مافی یاسایی تاکدا تاوەکو دانیشتنەکە کۆتایی دێت .هەر کێشەیەک لە سکاڵاکەدا کە بەشێک نیە لە دانیشتنی داوەریکردن بۆ داوەریکردن لەسەر مافی یاسایی تاک چارەسەر دەکرێن لەماوەی کاتی دیاریکراودا و لەو ڕێکارانەدا کە لەناو ئەم بەڵگەنامەیەدا باسکراون.

ئەگەر کێشەیەک لەناو سکاڵایەکدا سەرهەڵبدات کە بڕیاری لەسەردراوە لە دانیشتنی داوەریکردن بۆ داوەریکردن لەسەر مافی یاسایی تاک کە هەمان لایەنەکان بگرێتەوە، ئەوا بڕیاری دانیشتنەکە لەسەر ئەو کێشەیە پابەندبوون دروست دەکات وTEA ئاگاداری لایەنەکان دەکاتەوە بۆ ئەو مەبەستە.

ئاژانسی پەروەردەی تێکساس دەبێت ڕێکاری نوسراوی هەبێت بۆ ئەوەی بەشیوەیەکی بەرفراوان ڕێکارەکانی سکاڵاکە بۆ دایکان و باوکان و ئەو تاکانەی کە بایەخ دەدەن بڵاوبکاتەوە بە نێوەندەکانی ڕاهێنان و زانیاری دایکان و باوکان و ئاژانسەکانی پاراستن و پاڵپشتیکردن و نێوەندە زیندووە سەربەخۆ و شوێنە شیاوەکانی دیکەش.

ئاژانسی پەروەردەی تێکساس دەبێت ڕێکاری نوسراویشی هەبێت بۆ دڵنیابوونەوە لە پیادەکردنی کاریگەری بڕیاری کۆتایی، ئەگەر پێویست بێت، بەلەخۆگرتنی (:أ (چالاکیەکانی یارمەتی تەکنیکی ؛) ب)دانووستان؛ و (ج ) کردارە ڕاستکەرەوەکان بۆ بەدەستهێنانی پابەندبوون.

دەتوانیت زانیاری زیاتر دەربارەی سکاڵای خوێندنی تایبەت و فۆرمەکانی لێکۆڵینەوەی سکاڵا لە سەر وێبسایتی TEA بدۆزیتەوە لە پرۆسەکانی چارەسەرکردنی ناکۆکی خوێندنی تایبەت (لینک: bit.ly/3bL6n73).

بڕیاری ویلایەت پەیوەست بە پرۆسەی سکاڵاکانی پەروەردەی تایبەت دەکرێت لێرەدا ببینرێت 19 TAC §89.1195 (لینک: bit.ly/35IU1rY).

## ڕێکارەکانی داوەری داوەریکردن لەسەر مافی یاسایی تاک

بژاردەی چوارەم بۆ چارەسەرکردنی ناکۆکیەکانی پەروەردەی تایبەت بەرنامەی دانیشتنی داوەریکردن لەسەر مافی یاسایی تاکە .لە دانیشتنی داوەریکردن لەسەر مافی یاسایی تاکدا، بەرپرسێکی بێلایەن لەدانیشتنەکەدا گوێ دەگرێت لەو بەڵگەیەی کەلە لایەنەکانەوە پێشکەش دەکرێت و بڕیاری ناچارکردن بەپابەندبوون بەشیوەیەکی یاسایی دەدات.

بۆ ئەوەی داوای دانیشتنێک بکەیت، تۆ یاخود قوتابخانەکە) یاخود پارێزەرەکەت/نوێنەر یاخود پارێزەری قوتابخانەکە/نوێنەر (دەبێت سکاڵای داوەریکردن لەسەر مافی تاک پێشکەش بکات بە بەلایەنەکی دیکە و لەڕێی ئاژانسی پەروەردەی تێکساسەوە بێت .مافی ئەوەت هەیە کە داوای دانیشتنی داوەریکردن لەسەر مافی یاسای تاک بکەیت بە پێشکەش کردنی مافی تاک

ڕوونکردنەوەیەک کە ئاژانسە گشتیەکە پێشێلی مەرجێکی پەروەردەی تایبەتی کردبێت، کە ئەو ڕاستیانەیە کە ڕاگەیاندنەکە لەسەری بنیاتنراوە و واژۆ و زانیاری پەیوەندی پێوەکردنت تیایدا نوسرابێت .ئەگەر سکاڵاکە پەیوەستە بە منداڵێکی تایبەتەوە، ئەوا دەبێت ئەمانەی تیادابێت :ناو و ناونیشانی منداڵەکە یاخود زانیاری پەیوەندی پێوەکردنی بەردەست ئەگەر منداڵەکە بێ ماڵە، ناوی قوتابخانەی منداڵەکە، و وەسفی سروشتی گرفتی منداڵەکە بەو ڕاستیانەی پەیوەستن بە گرفتەکەوە تائەو ڕادەیەی کە بۆ تۆ زانراو و بەردەستن لەهەمان کاتتدا .هەروەها دەبێت سکاڵاکە چارەسەرێکی پێشنیازکراوی بۆ گرفتەکە تێدابێت بەوجۆرەی کە لەلای سکاڵاکەرەکە زانرا و بەردەست بێت لەو کاتەی کە سکاڵاکە پێشەکش دەکرێت.

لەکاتی پێشکەش کردنی سکڵایەک پۆەروەردەی تایبەتدا، ئاژانسی پەروەردەی تێکساس دەرفەتێک دەدات بە سکاڵاکەر بۆ پێشکەشکردنی زانیاری زیاتری پەیوەست بەو قسانەی کەلەناو سکاڵاکەدا هەن جائەگەر بەشێوەی زارەکی بێت یاخود بە نوسراو .ئاژانسی پەروەردەی تێکساس بەهەمان شێوە دەرفەت دەدات بە ئاژەنسە گشتیەکە بۆ وەڵامدانەوەی سکاڵاکە و دەرفەتێکیش بۆ پێشکەشکردنی چارەسەرێکی پێشنیازکراو بۆ سکاڵاکە دەدات .هەروەها، ئاژانسی پەروەردەی تێکساس دەرفەت دەدات بە دایک و باوکەک کە سکاڵاکەیان پێشکەش کردوە و ئەو ئاژانسە گشتیەش تاوەکو ڕێ بە نێوەندگیری بدەن.

لەماوەی ٦٠ ڕۆژی تەقویمی لەپاش وەرگرتنی سکاڵای پەروەردەی تایبەت، ئاژانسی پەروەردەی تێکساس هەڵدەستێت بە لێکۆڵینەوەیەک کە لێکۆڵینەوەی شوێنیش دەگرێتەوە ئەگەر پێویست بێت .ئەو ماوە ٦٠ ڕۆژیە بۆ چارەسەرکردنی سکاڵاکە ڕەنگە درێژبکرێتەوە لەبەر بارودۆخی هەڵاوێردە پەیوەست بە سکاڵایەکی دیارکراوەوە یاخود ئەگەر هەردوو لایەنی سکالای پەروەردەی تایبەت ڕێبکەون بۆ درێژکردنەوەیەک بۆ ڕێگەدان بە نێوەندگیری یاخود ئامرازی جێگرەوەی دیکەی چارەسەری ناکۆکی.

لە کاتی ئەنجامدانی لێکۆڵینەوەکەدا، ئاژانسی پەروەردەی تێکساس پێداچوونەوە بەهەموو زانیاریە پەیوەندارەکاندا دەکات و بڕیارێکی سەربەخۆ دەدات لەسەر ئەوەی کە ئایا ئاژانسە گشتیەکە پێشێلی مەرجەکانی پەروەردەی تایبەتی فیدڕاڵی یاخود ویلایەتی کردووە یاخود نا .ئاژانسی پەروەردەی تێکساس بڕیارێکی نوسراو دەردەکات پەیوەست بەهەموو بانگەشەکان بە دۆزینەوەی ڕاستیەکان و دەرئەنجامەکان و هۆکانی پشت بڕیارەکەی ئاژانسی پەروەردەی تێکساسیشەوە.

لە چارەسەرکردنی سکاڵایەکدا کە تیایدا ئاژانسی پەروەردەی تێکساس ئەوە دەبینێتەوە کە خزمەتگوزاری شیاو فەراهەم نەکراوە، ئەوکاتە ئاژانسی پەروەردەی تێکساس دەبێت مامەڵە لەگەڵ ئەوەدا بکات کە خزمەتگوزاری شیاو دەستەبەر نەکراوە بە سزای چاکسازیکردنی شیاو بۆ دەستەبەرکردنی پێداویستیەکانی منداڵەکە (هەروەک خزمەتگوزاری ناچاری یاخود قەرەبۆکردنەوەی مادی) هەروەها لەگەڵ دەستەبەرکردنی خزمەتگوزاری شیاو لەداهاتوودا بۆ هەموو منداڵەکان کە خاوەن پێداویستی تایبەتن.

بڕیاری ئاژانسی پەروەردەی تێکساس پەیوەست بە سکاڵای پەروەردەی تایبەت ئەمەیە کۆتاییە و ڕەنگە تێهەڵچوونەوەی بۆ نەکرێت.

پێویست ناکات فۆرمی ئاژانسی پەروەردەی تێکساس بەکار بهێنیت، بەڵام سکاڵاکەت دەبێت ئەو زانیاریە داواکراوانەی لای سەرەوەی تیابێت .

تۆ و پارێزەرەکەت، یاخود نوێنەرەکەت (یاخود قوتابخانەکە، پارێزەرەکەی، یاخود نوێنەرەکەی ) دەبێت سکاڵای داوەریکردن لەسەر مافی یاسایی تاک بەنوسراو بنێرن بۆ ئاژانسی پەروەردەی تێکساس و لایەنی نەیار لەهەمان کاتتدا .سکاڵای داوەریکردن لەسەر مافی یاسایی تاک دەبێت بە نهێنی بپارێزرێت.

بۆ ئەوەی سکاڵای داوەریکردن لەسەر مافی یاسایی تاک بەرەوپێش بڕوات، دەبێت کە بەتەواوی دانرێت (کە ئەو داواکاریانەی سەرەوەی ناوەڕۆکی تێدا بێت ) سکاڵای داوەریکردن لەسەر مافی یاسایی تاک بە تەواو دادەنرێت تا ئەوکاتەی کە لایەنی وەرگری سکاڵای داوەریکردن لەسەر مافی یاسایی تاک (تۆ یاخود قوتابخانەکە) ئاگاداری بەرپرسی دانیشتنەکە و لایەنەکەی دیکە دەکاتەوە بەنوسراو، لەماوەی ١٥ ڕۆژدا لەکاتی بەدەستگەشتنی سکاڵاکە، کە لایەنی وەرگری سکاڵاکە باوەری وایە کە سکاڵای داوەریکردن لەسەر مافی یاسایی تاک بەپێی ئەو مەرجانە نیە کە لە سەرەوە باسکراون.

لەماوەی پێنج ڕۆژدا لە بەدەستگەشتنی ئاگادارییەکە کە لایەنی وەرگر (تۆ یاخود بەڕێوەبەرایەتی قوتابخانەکان) سکاڵای داوەریکردن لەسەر مافی یاسایی تاک بە ناتەواو دادەنێت ئەوکاتە بەرپرسی دانیشتنەکە دەبێت بڕیاربدات کە ئەگەر سکاڵای داوەریکردن لەسەر مافی یاسایی تاک بەپێی ئەو مەرجانەیە کە لە سەرەوە باسکراون و تۆ و قوتابخانەکە خێرا بەنوسراو ئاگادار دەکاتەوە.

## وەڵامی بەڕێوەبەرایەتی قوتابخانەکان بۆ سکاڵای داوەریکردن لەسەر مافی یاسایی تاک

ئەگەر قوتابخانەکە هێشتا ئاگادارییەکی پێشوەختی بەنوسراو بۆ نەناردبوویت بەپێی 34 CFR §300.503 کە بابەتی باسەکە لەناو سکاڵای داوەریکردن لەسەر مافی یاسایی تاکدا بێت، ئەوا قوتابخانەکە دەبێت لەماوەی ١٠ ڕۆژی ڕۆژمێریلە بەدەستگەشتنی سکاڵای داوەریکردن لەسەر مافی یاسایی تاکدا وەڵامێکت بۆ بنێرێت کەئەمانەی لای خوارەوەی تیادابێت:

- ڕوونکردنەوەیەک کە بۆچی پێشنیازی ئەنجامدان و ڕەتکردنەوەی ئەنجامدانی کاری کردوە سەبارەت بەوەی کەلە سکاڵای داوەریکردن لەسەر مافی یاسایی تاکدا هاتوە؛
- وەسفکردنی بژاردەکانی دیکە کە کۆمیتەی ARD بەهەندی وەرگرتووە و هۆیەکانیش کە بۆچی ئەو بژاردانە ڕەتکراونەتەوە؛
- وەسفکردنی هەموو ڕێکارەکانی هەڵسەنگاندنەکە، ئەو خەمڵاندن و تۆمارکردن یاخود ڕاپۆرتکردنەی کە بەکاریهێناوە وەک بناغەیەک بۆ پێشنیازکردنی یاخود ڕەتکردنەوەی ئەنجامدانی کردار؛ و
- وەسفکردنێکی هۆکارەکانی دیکە کە پەیوەندارن بە پێشنیاز و ڕەتکردنەوەی ئەنجامدانی کردار لەلایەن قوتابخانەکەوە.

فەراهەمکردنی ئەم زانیاریانە ڕێگە ناگرێت لە قوتابخانەکە کە جەخت لەسەر ئەوە بکاتەوە کە سکاڵای داوەریکردن لەسەر مافی یاسایی تاک تەواو نەبووبێت، ئەگەر شیاوبێت.

سکاڵاکردن لەسەر هەر بابەتێک پەیوەست بە دیاریکردن و هەڵسەنگاندن یاخود دانانی پەروەردەیی منداڵەکەت یاخود دابینکردنی پەروەردەی گشتی خۆڕایی و شیاو بۆ منداڵەکەت.

سکاڵاکەت دەبێت پێشکەش بکەیت لە ماوەی **دوو** ساڵدا لەو ڕۆژەوە کە ئاگادار بوویتە یان دەبوو ئاگادار بوویتایە لەو کارە گوماناوییەی کە بنەمای سکاڵاکەتی پێک هێناوە. ئەم ماوە زەمەنیە پێی دەوترێت ماوەی دەرفەتی یاسایی. ئەم ماوە دیاریکراوە تۆ ناگرێتەوە ئەگەر ڕێگریت لێکرابێت لە پێشکەشکردنی سکاڵای داوەریکردن لەسەر مافی یاسایی تاک بەهۆی چەواشەکاریە دیاریکراوەکانی قوتابخانەکە کە ئەڵێت چارەسەری گرفتەکەی کردوە یاخود قوتابخانەکە زانیاری شاردوەتەوە لە تۆ کە دەبوایە پێت بدرایە .کاتێک مەرجێکی IDEA نیە، یاسای ویلایەتی تێکساس ئەوە دەستەبەردەکات لەناو هەندێ بارودۆخدا کە ئەویش دوو ساڵ یاسای سنوردارکردنەکان بۆ پێشکەشکردنی سکاڵایەک ڕەنگە بڕی پارە دیاریکات یاخود ڕاگیرێت ئەگەر ئەندامێکی چالاکی ناو هێزە چەکدارەکان بێت، ئەفسەری کارگێڕی زەریایی و دۆخی نیشتمانی بێت، یاخود ئەفسەری ناو خزمەتگوزاری تەندروستی گشتی ویلایەتە یەکگرتوەکان بێت و ئەگەر مەرجەکانی یاسای سنورداکردنەکانی یاسایەکی فیدراڵی کە ناسراوە بە یاسای بەهاناوەچوونی مەدەنی ئەندامانی خزمەت تۆ بگرێتەوە.

ئەگەر سکاڵایەکی داوەریکردن لەسەر مافی یاسایی تاک پێشکەش بکەیت بۆ داواکردنی دانیشتنێکی داوەرریکردن لەسەر مافی یاسایی تاک ئەوا باری ئەوەت لەسەر شانە کە بیسەلمێنیت کە قوتابخانەکە پێشێلی مەرجێکی پەروەردەی تایبەتی کردوە .لەهەندێ بارودۆخی دیاریکراودا قوتابخانەکە ڕەنگە سکاڵای لەسەر مافی یاسایی تاک پێشکەش بکات بۆ ئەوەی داوای دانیشتنێکی داوەریکردن لەسەر مافی یاسایی تاک دژبەتۆ بکات .لەم بارودۆخانەدا، قوتابخانەکە ئەرکی سەلماندنی لەسەر شانە.

بەر لەوەی دۆ داوایەک لەسەر قوتابخانەکە لە دادگا تۆماربکەیت سەبارەت بە هەر بابەتێک لە پێشدا نوسراوە دەبێت سکاڵایەکی داوەریکردن لەسەر مافی یاسایی تاک پێشکەش بکەیت .ئەگەر وات نەکرد ئەوا داواکەت لە دادگا ڕەنگە ڕەت بکرێتەوە.

## داواکردنی دانیشتنی داوەریکردن لەسەر مافی یاسایی تاک

تۆ یاخود قوتابخانەکە ڕەنگە دانیشتنی داوەریکردن لەسەر مافی یاسایی تاکتان نەبێت تاوەکو تۆ یاخود قوتابخانەکە (یاخود پارێزەرەکەت/نوێنەر یاخود پارێزەری قوتابخانەکە /نوێنەر) سکاڵای داوەریکردن لەسەر مافی یاسایی تاک پێشکەش دەکات کە ئەمانەی تیادایە:ناوی منداڵەکەت و ناونیشانەکەی یاخود ئەگەر بەردەست بێت زانیاری پەیوەندی کردن ئەگەر منداڵەکەت بێ ماڵ بێت؛ ناوی قوتابخانەی منداڵەکەت؛ وەسفی گرفتی منداڵەکەت بەو ڕاستیانەوە کە پەیوەستن بە گرفتەکەوە و چارەسەرێکی گرفتەکە کە تۆ پێشنیازی دەکەیت تائەو ڕادەیەی زانراوە و بەردەستە بۆت لەو کاتەدا.

فۆرمی سکاڵای داوەریکردن لەسەر مافی یاسایی تاک بەردەستە لە ڕێی ئاژانسی پەروەردەی تێکساس لەسەر :نوسینگەی ڕاوێژکاری گشتی، دانیشتنی داوەریکردن لەسەر مافی یاسایی تاک بۆ پەروەردەی تایبەت (لینک: bit.ly/2XCdKFw).

ئەگەر بەرپرسی دانیشتنەکە لە دانیشتنی داوەریکردن لەسەر مافی یاسایی تاک کەلەلایەن ئاژانسی پەروەردەی تێکساسەوە بەڕیوەدەبرێت لەگەڵتا هاورایە کە شتێکی گونجاوە تاوەکو شوێنی منداڵەکەت بگۆڕیت، ئەوا ئەم گۆڕینە لە شوێندا دەبێت وەک ڕێکەوتنێک لەنێوان تۆ و ویلایەتدا مامەڵەی لەگەڵ بکرێت .لەبەرئەوە، ئەم گۆڕینی شوینە دەبێتە شوێنی ئێستای منداڵەکەت کە ئەنجامی هەر تێهەڵچونەوەیکی دیکەدا هەڵدەسەپێرێت.

## ماوەی بڕیاردان

بەتەنها لە حاڵەتی دانیشتنی پێشخراودا لەماوەی ١٥ ڕۆژدا لە بەدەستگەشتنی سکاڵای داوەریکردن لەسەر مافی یاسایی تاک قوتابخانەکە دەبێت کۆبوونەوەیەک ڕێکبخات بۆ بەستنی کۆبونەوەیەک بۆ بڕیار لەسەردان، نوێنەرێکی قوتابخانە کە دەستەڵاتی بڕیاردان و ئەندامانی پەیوەندار لە کۆمیتەی ARD کەلەلایەن تۆ و قوتابخانەکەوە هەڵبژێردراون .قوتابخانەکە دەبێت بەتەنها ئەو کاتە پارێزەرێکی هەبێت لە کۆبوونەوەکەدا ئەگەر تۆش پارێزەرێکت لەکۆبوونەوەکەدا هەبێت.

مەگەر ئەو کاتەی تۆ و قوتابخانەکە هەردووکتان ڕێکەوتن بەنوسراو بۆ ئەوەی وازبهێنن لە پرۆسەی چارەسەرکردن یاخود ڕێکەوتن بۆ بەکارهێنانی نێوەندگیری لەبریدا، ئەوا کۆبوونەوەی چارەسەرکردن دەبێت راگیرێت . ئەگەر تۆ بەشداری نەکەیت لە کۆبوونەوەی چارەسەرکردندا ئەوا کاتی پرۆسەی چارەسەرکردن و دانیشتنەکە دوادەخرێت تاوەکو ئەو کاتەی کۆبوونەوەکە دەبەسترێت.

ئەگەر قوتابخانەکە هەوڵی ماقوول بدات تاوەکو وات لێبکات لە کۆبوونەوەی چارەسەرکردندا بەشداری بکەیت، بەڵام تۆ بەشداری نەکەیت ئێنجا لە کۆتایی ٣٠ ڕۆژدا لە ماوەی بڕیاردان ئەوا قوتابخانەکە ڕەنگە داوا لە بەرپرسی دانیشتنەکە بکات سکاڵای داوەریکردن لەسەر مافی یاسایی تاکی تۆ رەتکاتەوە .قوتابخانەکە دەبێت بتوانێت ئەوە نیشان بدات کە هەوڵی ماقوولی داوە بۆ ئەوەی وات لێبکات بەشداری لە کۆبوونەوەی چارەسەرکردندا بکەیت بە بەکارهێنانی ئەم بەڵگەنامانە :تۆماری هەوڵەکانی قوتابخانەکە بۆ ڕێکخستنی کات و شوێنێک کە بەهاوبەشی لەسەری ڕێکەوتبن، هەروەک تۆماری وردی پەیوەندیە تەلەفۆنیەکان کە کراون یاخود هەوڵیان بۆدراوە بکرێن و ئەنجامەکانی ئەو پەیوەندیە تەلەفۆنیانە؛ کۆپی ئەو نامە گۆڕینەوانە کە بۆ تۆ نێردراون و هەر وەڵامێکیش کە بەدەستیان گەیشتوە؛ هەروەها تۆماری وردی سەردانەکان بۆ ماڵی تۆ یاخود شوێنی کاری تۆ و ئەنجامەکانی ئەو سەردانانە.

ئەگەر، لەلایەکی دیکەوە، قوتابخانەکە سەرنەکەوت لەبەستنی کۆبوونەوەی چارەسەردا لەماوەی ١٥ ڕۆژدا لە بەدەستگەشتنی ئاگاداریەکەت سەبارەت بە سکاڵای داوەریکردن لەسەر مافی یاسایی تاک یاخود سەرنەکەوت لە کۆبوونەوەی چارەسەرکردندا، ئەوا دەتوانیت داوا لە بەرپرسی دانیشتنەکە بکەیت تاوەکو کۆتایی بهێنێت بە ماوەی چارەسەرکردنەکە بۆ داواکردنی کاتێکی ٤٥ ڕۆژی بۆ ئەوەی دانیشتنەکە دەست پێبکات.

بەشێوەیەکی ئاسایی ماوەی چارەسەرکردن ماوەی ٣٠ ڕۆژی پێدەچێت . لەگەڵ ئەوەشدا، ئەگەر تۆ و قوتابخانەکە ڕێکەوتن لەسەر ئەوەی کە بەنووسین کۆبوونەوەی چارەسەرکردن هەڵوەشێننەوە، ئێنجا ئەو کاتە ٤٥ ڕۆژیە

## وەڵامی لایەنی دیکە بۆ سکاڵایەکی داوەریکردن لەسەر مافی یاسایی تاک

بێجگە لەوەی کە لەسەرەوە باسکراوە، ئەو لایەنەی کە سکاڵایەکی داوەریکردن لەسەر مافی یاسایی تاکی بەدەست دەگات دەبێت لەماوەی ١٠ ڕۆژدا لە بەدەستگەشتنی سکاڵاکەوە وەڵامێک بنێرێت بۆ لایەنەکەی دیکە کە بە دیارکیراوی باس لەو کێشانە بکات کەلەناو سکاڵاکەدا هەیە.

دایک و باوکەکە یاخود قوتابخانە دەکرێت سکاڵای داوەریکردن لەسەر مافی یاسایی تاک دەستکاری بکەن یان بیگۆڕن بەتەنها لەو کاتەدا ئەگەر لایەنەکەی دیکە گۆڕانکاریەکان پەسەند بکات بە نوسراو و دەرفەتی ئەوەی پێبدرێت بۆ چارەسەرکردنی سکاڵای داوەریکردن لەسەر مافی یاسایی تاک لەڕێی کۆبوونەوە بۆ بڕیاردانەوە یاخود ئەگەر بەرپرسی دانیشتنەکە ڕێگە کە لە پێنج ڕۆژ درەنگتر نەبێت بەرلەوەی دانیشتنەکە دەست پێبکات .ئەو لایەنەی کە داوای دانیشتنەکەی کردوە نابێت ئەو کێشانە بەرز بکاتەوە کە لەناو سکاڵای داوەریکردن لەسەر مافی تاکدا بەرز نەکراونەتەوە تاوەکو لایەنەکەی دیکە رازیبێت بەوەی کە کێشەی زیادە بەرز بکرێتەوە .ئەگەر ئەو لایەنەی کە سکاڵاکەی پێشکەش کردوە، جا ئەگەر تۆ یاخود قوتابخانەکە بێت، دەستکاری ( گۆڕانکاری) بکات لە سکاڵای داوەریکردن لەسەر مافی یاسایی تاک، ئەو کات بۆ ماوەی بڕیاردان و کات بۆ دەستپێکردنی دانیشتنەکە سەرلەنوێ دەستپێدەکاتەوە لەو بەرواردا کە سکاڵا دەستکاریکراوەکە پێشکەشکراوە.

دەبێت زانیاریت پێدرابێت سەبارەت بە هەر خزمەتگوزاریەکی یاسایی و هەر خزمەتگوزاریەکی پەیوەنداری خۆرایی یاخود بەتێچووی کەم کەلە ناوچەکەدا بەردەستە ئەگەر داوای زانیاری بکەیت یاخود تۆ یان قوتابخانەکە سکاڵای داوەریکردن لەسەر مافی یاسایی تاک پێشکەش بکەن.

## باری منداڵەکە لەکاتی ڕێکارەکاندا (مانەوە)

بە جیا لەو ڕێکارەی کە پێویستی بە دسپیلینە، هەر کاتێک سکاڵای داوەریکردن لەسەر مافی یاسایی تاک نێردرا بۆ لایەنەکەی دیکە، لەکاتی پرۆسەی چارەسەرکردن دا، و کاتێکیش چاوەڕێی بڕیارێک لەهەر دانیشتنێکی داوەریکردن لەسەر مافی یاسایی تاکدا یاخود دادگاییدا دەکرێت، تاوەکو تۆ و دەوڵەت یاخود قوتابخانە ڕێک نەکەون ئەوا دەبێت منداڵەکە لە شوێنی پەروەردەی ئێستای خۆی بمێنێتەوە .مانەوە لە دۆخێکی ئێستا بەشێوەیەکی بەربڵاو وەک مانەوە ئاماژەی پێ دەدرێت .ئەگەر ڕێکارەکان پێویستی بە دیسیپلین بێت، بڕوانە شوێن پێدان لەماوەی تێهەڵچوونەوەدا بۆ تاوتوێکردنی شوێن پێدان بەمنداڵەکە لەکاتی ناکۆکی لەسەر دیسیپلیندا.

ئەگەر سکاڵای داوەریکردن لەسەر مافی یاسایی تاک پێویستی بەوە بوو داوای تۆمارکردنی ناوی منداڵەکەت بکەیت لە قوتابخانەیەکی حکومیدا، ئەوا منداڵەکەت دەبێت شوێنی پێبدرێت، ئەگەر رازیبیت، لە بەرنامەی قوتابخانەی حکومیدا تاوەکو تەواوبوونی هەموو ڕێکارەکان .ئەگەر تەمەنی منداڵەکە دەبێ بەسێ ساڵ و لە ژێر سیستمی پاڵپشتی و بایەخدانی تایبەت دەردەچێت (ECI) ئەوا مانەوە خزمەتگوزاری ECI نیە .ئەگەر منداڵەکە گونجاوە بۆ پەروەردەی تایبەت و خزمەتگوزاریە پەیوەندارەکانی و ئەگەر دایک و باوکەکە رازیین، ئەوا ئەو خزمەتگوزاریانەی کە ناکۆکیان لەسەر نیە دەبێت دابین بکرێن.

## دانیشتنەکان

ئاژانسی پەروەردەی تێکساس بەرپرسانی بێلایەنی دانیشتن دابین دەکەن بۆ بەڕێوەبردنی دانیشتنەکان .بەرپرسانی دانیشتنەکە فەرمانبەرانی ئاژانسی پەروەردەی تێکساس نین یاخود هیچ ئاژانسێکی دیکە نین پەیوسەت بن بە پەروەردە یاخود بایەخ پێدانی منداڵەکەت و ناتوانن هیچ بەرژەوەندیەکی کەسی یاخود پیشەییان هەبێت کە رەنگە دژبوەستێتەوە بە بابەتیبوون لە دانیشتنەکەدا .بەرپرسی دانیشتن (1) :دەبێت زانیاری هەبێت و لە ئەحکامەکانی IDEA بگات لەگەڵ ئەو رێکارە فیدڕاڵی یاخود دەوڵەتیانەی کە هاوبەندیIDEA ن و لێکدانەوە یاساییەکانیIDEA ن لەلایەن دادگا فەدڕاڵی و دەوڵەتیەکانن؛ و (2) دەبێت زانیاری و توانای هەبێت بۆ بەڕێوەبردنی دانیشتنەکان و بۆ بڕیاردان و نوسینەوەی و هاوتا بێت لەگەڵ کرداری یاسایی ستاندارد و شیاو.

ئاژانسی پەروەردەی تێکساس لیستی بەرپرسی دانیشتن دابین دەکات کە کارامەیی و بڕوانامەکانیانی تیادایە .ئەم لیستە بەردەستە لەسەر ماڵپەڕی ئاژانسی پەروەردەی تێکساس نوسینگەی راوێژکاتری گشتی، تایبەتی دانیشتنی داوەریکردن لەسەر مافی یاسایی تاک بۆ پەروەردە (لینک: bit.ly/2XCdKFw). هەروەها دەتوانیت داوای لیستەکە لە نوستینگەی ئاژانسی پەروەردەی تێکساس بکەیت بۆ خزمەتگوزاریە یاساییەکان کە زانیاری پەیوەندی پێوەکردنیان لە کۆتای بەڵگەنامەکەدا نوسراوە.

## لەپێش دانیشتنەکە

بەلایەنی کەمەوە پێنج رۆژ بەرلە دانیشتنی داوەریکردن لەسەر مافی یاسایی تاک، تۆ و قوتابخانەکە دەبێت هەر بەڵگەیەک بۆ یەکدی ئاشکرا بکەن کە لە دانیشتنەکەدا پێشکەش دەکرێت. هەر لایەنێک دەتوانێت دژبە پێشکەشکردنێکی هەر بەڵگەیەک بوەستێتەوە کە پێی نەدرابێت لەکاتی خۆیدا .بەهەمانشێوە، بەلایەنی کەمەوە لە پێنج رۆژدا بەرلە دانیشتنەکە، تۆ و قوتابخانەکە دەبێت هەموو هەڵسەنگاندکان کە تەواوکراون بۆ یەکدی ئاشکرا بکەن لەو بەروارەدا و هەروەها ئەو پێشنیازانەی کەلەسەر بناغەی ئەو هەڵسەنگاندنانەن کە تۆ یاخود قوتابخانەکە نیازتانە لە دانیشتنەکەدا بەکاربیهێنن .بەرپرسێکی دانیشتنەکە دەتوانێت رێگری بکات لەهەر لایەنێک کە ناتوانێت پابەندی ئەم مەرجە بێت لە پێشکەشکردنی هەڵسەنگاندنی پەیوەندار یاخود پێشنیازکردن لە دانیشتنەکەدا بەبێ رەزامەندی لایەنەکەی دیکە.

## لەماوەی داینشتنەکەدا

مافت هەیە بۆ خۆناساند و نوێنەریکردنی خۆت لە دانیشتنێکی داوەریکردن لەسەر مافی یاسایی تاکدا .لەگەڵ ئەوەشدا، هەر لایەنێکی دانیشتنی داوەریکردن لەسەر مافی یاسایی تاک (تیایدا ئەو دانیشتنەی کە پەیوەستە بە رێکارە دیسپلینەکانەوە ) مافی هەیە بۆ:

- هاوەڵی بکرێت یاخود ئامۆژگاری بکرێت لەلایەن پارێزەرێکەوە و /یاخود کەسانێکەوە کە زانیاری تایبەتیان هەیە یاخود راهێنانی تایبەتیان وەرگرتوە پەیوەست بە ئەو گرفتانەی کە منداڵانی کەمئەندام هەیانە.
- نوێنەری خۆی بکات یاخود لەلایەن پارێزەرێکەوە نوێنەری بکرێت کە لەلایەن ویلایەتی تێکساسەوە مۆڵەتی پێدراوە یاخود

بۆ دانیشتنەکە لە رۆژی داهاتوودا دەست پێدەکات .بەهەمان شێوە ئەگەر تۆ و قوتابخانەکە دەستانکرد بە پرۆسەی نێوەندگیری یاخود کۆبوونەوەی چارەسەرکردن، بەڵام بەرلە کۆتایی ماوە ٣٠ رۆژیەکەی چارەسەرکردن، تۆ و قوتابخانەکە بەنووسین رێکدەکەون کە هیچ رێکەوتنێک شیاوی پێگەیشتنێک نیە، ئەوکاتە ئەو ماوە ٤٥ رۆژیە بۆ دانیشتن لە رۆژی داهاتوودا دەست پێدەکات .لەکۆتاییدا، ئەگەر تۆ و قوتابخانەکە رێکەوتن لەسەر ئەوەی کە پرۆسەی نێوەندگیری بەکاربهێنن هەردوو لایەنەکە دەتوانن بە نووسین رێکەوتن بکەن بۆ بەردەوامیدان بە نێوەندگیری لەکۆتایی ماوە ٣٠ رۆژیەکەی چارەسەرکردن تاوەکو رێکەوتنێک بەدەست بێت .لەگەڵ ئەوەشدا ئەگەر هەریەکێک لە تۆ یاخود قوتابخانە لە پرۆسەی نێوەندگیری بکشێتەوە ، ئەو ٤٥ رۆژە لەکات بۆ دانیشتن لە رۆژی داهاتوودا دەست پێدەکات.

ئەگەر لایەنێک سکاڵایەکی دەستکاریکراوی داوەریکردن لەسەر مافی یاسایی تاک پێشکەش بکات ئەوا کاتی کۆبوونەوەی چارەسەرکردن و ماوە بۆ چارەسەرکردنی سکاڵاکە (ماوەی چارەسەرکردن) لەسەرەتاوە دەستپێدەکاتەوە کاتێک کە سکاڵا دەستکاریکروەکەی داوەریکردن لەسەر مافی یاسایی تاک پێشکەش دەکرێت.

مەبەستەکانی کۆبوونەوەی چارەسەرکردن ئەوەیە کە دەرفەتێکت پێ بدات بۆ تاووتوێکردنی داواکاریەکەت و راستیەکان لەگەڵ قوتابخانەکە و بۆ پێدانی دەرفەتێک بە قوتابخانەکە بۆ چارەسەرکردنی ناکۆکیەکە کە بناغەی داواکاریەکەیە .ئەگەر لە کۆبوونەوەکەدا بگەنە رێکەوتنێک، ئەوا تۆ و قوتابخانەکە دەبێت رێکەوتنەکە بکەنە نووسین و واژۆی بکەن .ئەم رێکەوتنە نوسراوە لە دادگایەکدا پشتڕاست دەکرێتەوە کە بەپێی یاسای دەوڵەت دەستەڵاتی پێدراوە بۆ مامەڵە کردن لەگەڵ ئەم جۆرەی کەیسدا یاخود لە دادگای فیدراڵی ناوچە تاوەکو یەکێك لە لایەنەکان لەماوەی سێ رۆژی کاردا رێکەوتنەکەکە هەڵدەوەشێنێتەوە لەو بەروارەی تیایدا واژۆ کراوە.

ئەگەر قوتابخانەکە ئەو کێشانەی چارەسەر نەکرد کەلە ناو سکاڵای داوەریکردن لەسەر مافی یاسایی تاکی تۆدا هاتوە بەوپێیەی تۆ دەتەوێت لەماوەی ٣٠ رۆژدا لە دوای بەدەست گەشتنی سکاڵاکەتەوە، ئەو کاتە ٤٥ رۆژیەکەی دانیشتن دەستپێدەکات و دانیشتنەکە بەڕێوەدەچێت.

## ماوەی چارەسەرکردن لە دانیشتنی پێشخراودا

بۆ دانیشتنە پێشخراوەکان، قوتانخانەکە دەبێت لەماوەی حەوت رۆژدا کۆبوونەوەی چارەسەرکردن ببەستێت لە دوای بەرواری بەدەستگەشتنی سکاڵای داوەریکردن لەسەر مافی یاسایی تاک .مافت هەیە بۆ دانیشتنێک ئەگەر قوتابخانەکە ئەو کێشانەی چارەسەر نەکرد کە لەسکاڵاکەتدا هاتوون بەوپێیەی تۆ دەتەوێت لەدوای ١٥ رۆژی بەدەستگەشتنی سکاڵاکە لەلایەن قوتابخانەکەوە .دەبێت دانیشتنەکە لەماوەی ٢٠ رۆژی دەوامی قوتابخانەدا بەڕێوەبچێت لەو رۆژەوەی کە سکاڵاکەت تیادا پێشکەشکراوە .بەرپرسی دانیشتنەکە دەبێت لەماوەی ١٠ رۆژی دەوامی قوتابخانەدا بڕیاری کۆتایی بدات لەپاش دانیشتنەکە.

( بڕیارێک دەگرێتەوە لە دانیشتنەکەدا پەیوەست بە ڕێکارە دیسپلینەکان)کە کۆتاییە تاوەکو لایەنێکی دانیشتنەکە (تۆ یاخود قوتابخانەکە) داوای تێهەڵچوونەوەی بڕیارەکە بکات لە دادگای فیدراڵی یاخود ویلایەت، وەک ئەوەی کەلەلای خوارەوەدا باسکراوە .

قوتابخانەکە دەبێت بڕیاری بەرپرسی دانیشتنەکە جێ بەجێ بکات لەماوەی ئەو کاتەی کە دایناوە، یاخود ئەگەر هیچ کاتێک دیاری نەکرابوو ئەوا لەماوەی ١٠ ڕۆژی دەوامی قوتابخانەدا لەپاش ئەو بەروارەی کە بڕیارەکە دراوە تەنانەت ئەگەر قوتابخانەکە داوای تێهەڵچونی بڕیارەکەی کرد بێجگە لەهەر قەرەبوکردنەوەیەک بۆ خەرجیەکانی ڕابردوو دەکرێت ڕاگیرێت تاوەکو تێهەڵچوونەکە چارەسەر دەکرێت .هیچ شتێک لەناو بەشی مافەکانی دایکان و باوکانی منداڵانی کەمئەندام لە ڕێکارەکانی فیدراڵیدا بەپێی IDEA بەشی (34 C.F.R. §§300.500 through 300.536) B نابێت وەها لێکبدرێتەوە کە ڕێگریت لێ بکات لە پێشکەشکردنی سکاڵایەکی جیا بۆ داوەریکردنی مافی یاسایی تاک سەبارەت بە کێشەیەک بەجیا لەو دانیشتنی داوەریکردنە لەسەر مافی یاسایی تاک کە خۆی پێشکەشکراوە.

## ئەنجامەکان و بڕیارەکان بۆ دەستەی ڕاوێژ و خەڵکی گشتی

لەپاش سڕینەوەی هەر زانیاریەک کە دەرخەری کەسیە لە بڕیاری بەرپرسی دانیشتنەکە، ئاژانسی پەروەردەی تێکساس دەبێت بڕیارەکە پێشکەش بکات ( کە ئەنجامەکان و بڕیارەکانی بەرپرسی دانیشتنەکەی تیادایە ) بۆ دەستەی ڕاوێژی ویلایەت .لە تێکساس، دەستەی ڕاوێژی ویلایەت پێیدەوترێت لێژنەی ڕاوێژی بەردەوام .ئاژانسی پەروەردەی تێکساس دەبێت بڕیارەکە بۆ ڕای گشتیش بڵاوبکاتەوە.

## داوای مەدەنی

هەرلایەنێک (تۆ یاخود قوتابخانەکە) کە بە ئەنجامەکان و بڕیارەکانی دانیشتنی داوەریکردن ڕازی نین لەسەر مافی یاسایی تاک ( بەو دانیشتنەشەوە پەیوەست بە ڕێکارە دیسپلینەکان )مافی هەیە بۆ داواکردنی تێهەڵچوونەوە بە ئەنجامەکان و بڕیارەکانی بەرپرسی دانیشتنەکەدا لەرێی داوای مەدەنیەوە بەلەبەرچاوگرتنی بابەتەکە کە کرۆکی دانیشتنی داوەریکردن لەسەر مافی یاسایی تاک بووە پێشکەش بکات. داواکە دەکرێت ببرێتە دادگایەکی ویلایەت کە دەستەڵاتی هەیە بۆ چاوخشاندن بەم جۆرەی کەیسدا یاخود بۆ دادگایەکی ناوچەی ویلایەتە یەکگرتوەکان بەبێ لەبەرچاوگرتنی ئەو بڕەی کە ناکۆکی لەسەرە و دەبێت لەماوەی زیاتر لە ٩٠ ڕۆژدا نەبێت لەپاش ئەو بەروارەی کە بڕیارەکەی تیادا دەرکراوە .وەک بەشێک لە پرۆسەی تێهەڵچوونەوە، دادگا دەبێت تۆمارەکانی دانیشتنی داوەریکردن لەسەر مافی یاسایی تاکی بەدەست بگات و گوێ لەبەڵگەی دیکە بگرێت لەسەر داوای هەر یەکێک لەلایەنەکان و بڕیارەکەی لەسەر بناغەی گرنگی بەڵگەکە و هەر هێورکردنەوەیەکی شیاو ببەخشێت.

هیچ شتێک لەIDEA دا مافەکان و ڕێکارەکان و پابەندبوونەکان سنووردار ناکات کە لەناو دەستوری ویلایەتە یەکگرتوەکان و یاسای ١٩٩٠ سەبارەت بە ئەمەریکیە کەمئەندامەکان و پێناسەی V ی یاسای1973 ی گەرانەوە (بەشی ٥٠٤ ) یاخود هەر یاسایەکی فیدراڵی کە

تاکێک کە پارێزەری مۆڵەت پێدراو نیە لە ویلایەتی تێکساس بەڵام کە زانیاری تایبەتی هەیە یاخود ڕاهێنانی وەرگرتوە سەبارەت بە گرفتەکانی منداڵانی کەمئەندام وئەو لێهاتوویی و کارامەییانەی هەیە کە دانراوە لە19 TAC§89.1175(لینک: bit.ly/2XFtKq9).

- بەڵگە پێشکەش بکات و ڕووبەڕوو ببێتەوە و پرسیارو وەڵام بکات و داوای ئامادەبوونی شایەت بکات؛
- قەدەغەی پێشکەش کردنی هەر بەڵگەیەک بکات لە دانیشتنەکەدا کە پێشکەش نەکراوە بەو لایەنە بەلایەنی کەمەوە پێنج ڕۆژ بەرلە دانیشتنەکە؛
- تۆماری نوسراو یاخود بەپێی هەڵبژاردنی خۆت، ئەلکترۆنی وشە بەوشەی دانیشتنەکە بەدەست بهێنێت و
- ئەنجامەکان و ڕاستیەکان و بڕیارەکان بەشێوەی نوسراو، بەپێی هەڵبژاردنی خۆت، بەشیوەی ئەلیکترۆنی بەدەست بهێنێت.

## مافەکانی دایکان و باوکان لە دانیشتنەکەدا

دەبێت مافی :ئەوەت هەبێت:

- کە منداڵەکەت ئامادەی دانیشتنەکەبێت؛
- داینشتنەکە بەکراوەیی بۆ بواری گشتی بێت؛ و
- تۆماری دانیشتنەکە و ئەنجامەکانی ڕاستیەکان و بڕیارەکان

## لەپاش دانیشتنەکە بەدەست بهێنیت

بەرپرسی دانیشتنەکە بڕیارێک دەردەکات .بڕیارەکەی بەرپرسی دانیشتنەکە کە ئایا ئەگەر منداڵەکەت خوێندنی گشتی شیاوی خۆڕایی وەرگرت بێت دەبێت لەسەر بناغەی پێداچوونەوەی دەستەی دادوەران بێت .ئەگەر سکاڵات هەیە سەبارەت بە هەڵەیەکی پرۆسەکە، ئەوا بەرپرسی دانیشتنەکە ڕەنگە بەتەنها ئەوەی بۆ دەرکەوێت کە منداڵەکەت خوێندنی گشتی شیاوی خۆڕایی وەرنەگرتوە ئەگەر هەڵەکەش :بووەتە ڕێگر لەبەردەم مافی منداڵەکەت بۆ بەدەستهێنانی خوێندنی گشتی شیاوی خۆڕایی؛ منداڵەکەتی بێبەش کردوە لە سوودەکانی خوێندن؛ یاخود بەشیوەیەکی بەرچاو ڕێگر بووە لە دەرفەتدا بۆ بەشداریکردن لە پرۆسەی بڕیاردانی پەیوەندار بە پێدانی خوێندنی گشتی شیاوی خۆڕایی بە منداڵەکەت .هیچکام لەو دەقانەی کە لەسەرەوەدا باسکراون شیاوی لێکدانەوەن بۆ ڕێگەگرتن لە بەرپرسێکی دانیشتنەکە کە فەرمان بکات بە قوتابخانەیەک پابەندبێت بە مەرجەکانی بەشی پاراستنی ڕێکارەکانی فیدرالی بەپێی IDEA بەشیB (34 CFR §§500 through 300.536).

ئاژانسی پەروەردەیی تێکساس لەوە دڵنیا دەکاتەوە کە بڕییاری کۆتای دانیشتنەکە دەدرێت و بە نامەی ئەلیکترۆنی دەنێردرێت بۆ لایەنەکان لەماوەی ٤٥ ڕۆژدا لەپاش ئەو ماوە ٣٠ ڕۆژیەی ماوەی چارەسەرکردن یاخود ماوەی چارەسەرکردنی دستکاریکراو ئەگەر وابێت .لە دانیشتنێکی پێشخراودا، ئاژانسی پەروەردەی تێکساس لەوە دڵنیا دەکاتەوە کە بڕیاری کۆتایی دەدرێت لەماوەی ١٠ ڕۆژی دەوامی قوتابخانەدا لەو بەروارەی کە دانیشتنەکەی تیادا بەڕیوەدەچێت .بەرپرسی دانیشتنەکە ڕەنگە بڕیاری درێژکردنەوەی دیارکراو بدات بۆ هۆیەکی باش لەسەر داوای هەر لایەنێک لە دانیشتنێکی پێشنەخراودا . بەرپرسێکی دانیشتنەکە ڕەنگە لە دانیشتنێکی پێشخراودا بڕیاری پێدانی درێژکردنەوە نەدات .بڕیاری بەرپرسی دانیشتنەکە

- ئۆفەرەکە لەماوەی ئەو کاتەی کە دانراوە کراوە بەپێی یاسای ٦٨ی یاسا فیدرالیەکانی دادگایکردنی مەدەنی یاخود لەکەیسی دانیشتنی داوەریکردن لەسەر مافە یاساییەکانی تاکدا لەهەر کاتێکدا زیاتر لە 10 ڕۆژ بەلەوەی دادگاییکردنەکە دەست پێبکات؛
- ئۆفەرەکە قبوڵنەکراوە لەماوەی 10 ڕۆژدا و
- بەرپرسی دادگا یاخود ئیداری ئەوە دەبینێتەوە کە هێورکردنەوەکە لەکۆتاییدا بەدەستهاتوە لەلایەن تۆ کە زۆر پەسەندیش نیە لات لە ئۆفەری یەکلاییکردنەوە .

سەرەڕای ئەم سنوردارکردنانە، پێدانی پارەی پارێزەر و تێچووە پەیوەستەکان ڕەنگە بەتۆ بدرێت ئەگەر دادگایەکە ببیەتەوە و بەهاتنەت بەشێویەکی سەرەکی هەبێت لە ڕەتکردنەوەی ئۆفەری یەکلاییکردنەوەدا.

پارە نادرێت پەیوەست بەهەر کۆبوونەوەیەکی لێژنەی ARD تاوەکو کۆبوونەوەکە نەبەسترێت وەک ئەنجامی دادگاییکردنی ئیداری یاخود بڕیاری دادگا .کۆبوونەوەی چارەسەرکردن وەک ئەوەی لەلای سەرەوە وەسفکراوە بە کۆبوونەوەیەک دانانرێت کە وەک ئەنجامی دانیشتنی ئیداری یاخود بڕیاری دادگا بەسترابێت و بە دانیشتنی ئیداری یاخود بڕیاری دادگا نیە بەمەبەستی پێدانی پارەی پارێزەرەکە.

دادگا بڕی پارەی پارێزەرەکە کەمدەکاتەوە ئەگەر شیاوبێت کەبەپێی IDEA بەشی B درابێت ئەگەر دادگا ئەوە ببینێتەوە کە:

- تۆ یاخود پارێزەرەکەت، لەماوەی بەڕێوەچوونی داواکەدا یاخود دادگاییکردنەکەدا بەشێویەکی ناماقوول چارەسەرکردنی کۆتایی ناکۆکیتان دواخستبێت؛
- بەپێچەوانەوە بڕی پارەی پارێزەرەکە کە ڕێگەدراوە بدرێت، بەشێویەکی ناماقوول زیاترە لە ڕێژەی کاتژمێر کە لەناو جڤاتەکەدا بۆ خزمەتگوزاری هاوشێوە باوە لەلایەن پارێزەرانی هەمان کارامەیی و ناوبانگ و ئەزموون.
- ئەو کاتەی بەسەربراوە و ئەو خزمەتگوزاریە یاساییانەی تەواوکراون زۆربن بەلەبەرچاوگرتنی سروشتی داواکە یاخود دادگاییکردنەکە؛ یاخود
- ئەو پارێزەرەی کە نوێنەری تۆ دەکات زانیاری شیاوی بۆ قوتابخانەکە فەراهەم نەکردوە لە سکاڵای داوەریکردن لەسەر مافی یاسایی تاک وەک ئەوەی لە بەشی ڕێکارەکانی داوەریکردن لەسەر مافی یاسایی تاکدا باسکراوە.

بەڵام، ڕەنگە دادگا پارەکە کەمنەکاتەوە ئەگەر ئەوەی بینیەوە کە قوتابخانەکە یاخود ویلایەت بەشێویەکی ناماقوول چارەسەری کۆتایی داواکە یاخود دادگاییکردنەکەی دواخستوە یاخود پێشێلکاری هەبووە بەپێی ڕێکارەکانی پاراستنی دەقەکانی IDEA بەشی B.

مافەکانی منداڵانی کەمئەندام دەپارێزێت بێجگە لەوەی کە بەرلەوەی کە کرداری مەدەنی پێشکەش بکەیت بەپێی ئەم یاسایانە لە دادگا کە داوای هێورکردنەوە بکەیت کە ئەویش بەهەمان شێوە نوسراوە لە IDEA بەشی B دا و ئەو ڕێکارانەی دانیشتنی داوەریکردن لەسەر مافی یاسایی تاک کە بەپێی IDEAن و لەسەرەوە باسکراون دەبێت بەکاربهێنرێن لەهەمان ڕادەدا کە داواکراوە ئەگەر تۆ داوای کردارە مەدەنیەکەت کرد بەپێی IDEA بەشی B. ئەمە مانای وایە کە تۆ پابەندبوونی دیکەت هەیە بەپێی یاساکانی دیکە کە دەستەڵاتی ئەوانەی ناو IDEA یش جێ بەجێ بکات، بەڵام بەگشتی بۆ ئەوەی هێورکردنەوە بەدەست بهێنیت بەپێی ئەو یاسایانەی دیکە دەبێت تۆ یەکەمجار ئەو پابەندبوونە ئیداریانە بەدەست بهێنیت کە لەناوIDEA دا نوسراون (بۆ نمونە، سکاڵای داوەریکردن لەسەر مافی یاسایی تاک؛ پرۆسەی چارەسەرکردن، تیایداکۆبوونەوەی چارەسەرکردن و ڕێکارە بێلایەنەکانی دانیشتنی داوەریکردن لەسەر مافی یاسایی تاک ) بەرلەوەی داوا لە دادگا پێشکەش بکەیت.

## پارەی پارێزەر

لەهەر داوایەک یاخود دادگاییەکدا کەبەپێی IDEA بەشیB یە دادگا لە بژاردەی خۆیدا، دەتوانێت تێچوونە ماقوولەکانی پارێزەر بدات وەک بەشێک لە تێچووەکانی تۆ ئەگەر کەیسەکە ببەیتەوە.

لەهەر داوایەک یاخود دادگاییەکدا کەبەپێی IDEA بەشیB یە دادگا دەتوانێت، لەبژاردەی خۆیدا، پارەی پارێزەر بدات وەک بەشێک لەو تێچووانەی قوتابخانە یاخود ئاژانسی پەروەردەی حکومی براوە کە دەبێت بە پارێزەرەکەت بدرێت ئەگەر پارێزەرەکە (a) :سکاڵایەک یاخود کەیسی دادگایەکی پێشکەش کردوە کە دادگا بە پروپوچ و ناماقوول و بێ بنەما دەیبینێتەوە؛ **یاخود** (b)_بەردەوامبێت لە داواکردن لەپاش ئەوەی کە داواکردنەکە پروپوچ و ناماقوول یاخود بێ بنەما دەبێت؛ **یاخود**

لەهەر داوایەک یاخود دادگاییەکدا کە بەپێی IDEA بەشیB یە دادگا دەتوانێت، بەپێی بژاردەی خۆی، پارەی ماقوولی پارێزەر بدات وەک بەشێک لەو تێچوونانەی قوتابخانە یاخود ئاژانسی پەروەردەی حکومی براوە کە دەبێت تۆ یاخود پارێزەرەکەت بیدات ئەگەر داوای تۆ بۆ دانیشتنی داوەریکردن لەسەر مافی یاسایی تاک یاخود کەیسی دوایی دادگا لەبەر هەر مەبەستێکی نەشیاو پێشکەش کرابێت هەروەک هەراسان کردن و بوونەهۆی دواخستنی ناپێویست یاخود بۆ ئەوەی بەشێویەکی ناپێویست تێچوونی داواکە یاخود دادگاییکردنەکە (دانیشتنەکە ) زیاد بکەیت.

دادگا پارەی ماقوولی پارێزەر بەمشێوەیەی لای خوارە دەدات:

- پارەکان دەبێت لەسەر بناغەی ئەو ئاستی نرخانەبێت کەلەناو ئەو جڤاتەدایە کەتیایدا داواکە یاخود دانیشتنەکە بەرزکراوەتەوە بۆ ئەو جۆر و کوالێتیەی خزمەتگوزاریە دابینکراوەکان .نابێت هیچ بەخششێک یاخود بڕی زیادکراو بەکاربێت لە هەژمارکردنی ئەو پارەیەی کەدەبەخشرێت.
- پارەکان نابەخشرێن و تێچوونە پەیوەندارەکان ناشێت قەرەبووبکرێنەوە لە هەر داوایەکدا یاخود دادگایی کردنێکدا بەپێی IDEAبەشی B بۆ ئەو خزمەتگوزاریانەی کە پێشکەش کراون لەپاش ئەوەی ئۆفەرێکی نوسراو بۆ یەکلاییکردنەوە بۆت نێردراوە ئەگەر:

**یاسای دەوڵەت پەیوەست بە داوەریکردن لەسەر مافی یاسایی تاک بۆ پەروەردەی تایبەت بەرنامەی دانیشتن دەست پێدەکات لە** TAC §89.1151 19 (لینک :bit.ly/3nQcmtG).

**ئەم لاپەڕەیە بەئەنقەست بە بەتاڵی جێهێڵراوە.**

## زانیاری پەیوەندی کردن

ئەگەر هەر پرسیارێکت هەیە سەبارەت بە ئەو زانیاریەی ناو ئەم بەڵگەنامەیە یاخود پێویستت بەکەسێکە تاوەکو بۆت روونکاتەوە، تکایە پەیوەندی بکە بە:

### زانیاری پەیوەندی کردنی ناوخۆیی

| قوتابخانە: | سەنتەری خزمەتگوزاری پەروەردە: | سەرچاوەی دیکە: |
|---|---|---|
| ناو: | ناو: | ناو: |
| ژمارەی تەلەفۆن: | ژمارەی تەلەفۆن :ئیمەیڵ: | ژمارەی تەلەفۆن :ئیمەیڵ: |
| ئیمەیڵ: | | |

ئەگەر پێویستت بە زانیاری هەیە سەبارەت بە کێشەکانی پەروەردەی تایبەت، دەتوانیت تەلەفۆن بۆ سەنتەری زانیاری پەروەردەی تایبەت بکەیت بەم ژمارە تەلەفۆنە 1-855-SPEDTEX (1-855-773-3839).ئەگەر تەلەفۆنت کرد بۆ ئەم ژمارەیە و نامەت بەجێهێشت ئەوا کەسێک تەلەفۆنت بۆدەکاتەوە لەماوەی کاژێرەکانی دەوامی ئاساییدا .ئەو کەسانەی کە گوێیان گرانە دەتوانن تەلەفۆن بکەن بۆ SPEDTEX بە بەکارهێنانی.Relay Texas at 7-1-1

ئەگەر پرسیارت هەیە سەبارەت بە ئەو سکاڵا چاوەڕێکراوەی پەروەردەی تایبەت، تکایە تەلەفۆن بکە بۆ .512-463-9414 ئەگەر پرسیارت هەیە لەبارەی نێوەندگیری یاخود دانیشتنی داوەریکردن لەسەر مافی یاسایی تاک چاوەڕیکراو ئەوا پەیوەندی بکە بە نێوەندگیر یاخود بەرپرسی دانراو بۆ دانیشتنەکە.

## زانیاری پەیوەندیکردن بە چارەسەرکردنی ناکۆکی

| چ کاتێک داوای ڕاهێنەری IEPدەکەیت داواکەت بنێرە بۆ: | کاتێک سکاڵایەکی پەروەردەی تایبەت پێشکەش دەکەیت، سکاڵاکە بنێرە بۆ: | کاتێک داوای نێوەندگیری دەکەیت، داواکەت بنێرە بۆ: | کاتێک سکاڵای داوەریکردن لەسەر مافی یاسایی تاک پێشکەش دەکەیت، سکاڵاکە بنێرە بۆ: |
|---|---|---|---|
| **پرۆژەی ڕاهێنانی IEPدەوڵەت**<br>ئاژانسی پەروەردەی تێکساس<br>1701 N. Congress Avenue<br>Austin, TX 78701-1494یاخود<br>فاکس: 512-463-9560<br>یان<br>specialeducation@tea.texas.gov | **سکالاکانی پەروەردەی تایبەت بەش**<br>ئاژانسی پەروەردەی تێکساس<br>1701 N. Congress Avenue<br>Austin, TX 78701-1494یاخود<br>فاکس :یان<br>specialeducation@tea.texas.gov | **ڕێکخەری نێوەندگیری**<br>ئاژانسی پەروەردەی تێکساس<br>1701 N. Congress Avenue<br>Austin, TX 78701-1494یاخود<br>فاکس: 512-463-6027<br>یاخود<br>SE-Legal@tea.texas.gov | **داوەریکردن لەسەر مافی یاسایی تاک بۆ پەروەردەی تایبەت دانیشتنەکان**<br>ئاژانسی پەروەردەی تێکساس<br>1701 N. Congress Avenue<br>Austin, TX 78701-1494یاخود<br>فاکس: 512-463-6027یاخود<br>SE-Legal@tea.texas.gov |

**تکایە سەردانی ماڵپەڕی بەشی پەروەردەی تایبەتی لە ئاژانسی پەروەردەی تێکساس بکە لە**

https://tea.texas.gov/TexasSped